بنەما گشتییەکانی کارگێڕیی لێهاتو

کورتە دەروازەیەک لەسەر قانونی کارگێڕیی

شەفیقی حاجی خدر

لەبەر ئەوەی بەشێکی کتێبەکە لەسەر بنەما گشتییەکانی کارگێڕیی لێهاتوە، ئەو بنەمایانەش لەنێو قانونی کارگێڕییدا رەنگدانەوەی خۆیان هەیە و بێبونی قانونێکی کارگێڕیی ناتوانرێت باس لە پرسی رەوایەتی بڕیاری کارگێڕیی و پەیڕەوکردنی بنەماکان بکرێت، بۆیە بۆ ئاسانترکردنی بابەتەکە و باشتر لێتێگەیشتنی، وام بەچاک زانی کورتەیەک لەسەر قانونی کارگێڕیی باس بکەم. بەتایبەتیش قانونی کارگێڕیی لەروی شوێن و هەڵکەوتنی لەنێو بیرۆکەی قانوندا بەگشتی و کەمێکیش لەرەوتی هاتنەکایە و بەرەوپێشچونی لەگەڵ هەندێ سەرهێڵی سەرەکی و گرنگ لە ناواخنەکەی.

جارێ پێش هەموشتێک قانونی کارگێڕیی لەو بەشکردنە کلاسیکیە (نەریتییە)ی قانون دەکەوێتەر بەر قانونی گشتی. قانونی گشتی دوڕیزی لێدەبێتەوە. یەکێکیان قانونی سزادانە ئەوی دیکەشیان قانونی دەستور و کارگێڕییە. بەهۆی ئەوەی کە هەردو قانونی دەستوریی و کارگێڕیی لەزۆر روەوە لەیەکەوە نزیکن و بەیەکەوە گرێدراون، بۆیە ئاسان نیە هێڵێکی زەق و دیاریان بەنێودا بکێشین و سنورەکانیان دەستنیشان بکەین. بەڵام هەرچۆنێک بێت دەکرێ بگوترێ قانونی دەستوریی لە سەروسیمای سەرەکی دەوڵەت (بەکۆی هەر سێ دەسەڵاتەکان) دەرەکی و ناوەکی دەکۆڵێتەوە. هەرچی قانونی کارگێڕییشە کردە و چالاکیەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیی دەگرێتە خۆی. لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کارگێڕ لە قانونی کارگێڕییدا دو واتای هەیە. هەردو واتاکەش بەگوێرەی فرمان و سستمی ئۆرگانەکانی بازنەدار دەکرێن. بەمجۆرە گارگێڕ بەپێی تێگەیشتنی یەکەم هەروەک لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا یەکێکە لەپێگەکانی دەسەڵات و سەروەری لە نێو دەوڵەتدا، ئەویش دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. بەواتایەکی دیکە دەگوترێ

هەمو ئەو کردار و رەفتارانەی چوارچێوەی دەسەڵاتی سەروەری دەوڵەتن بەگشتی بەلێدەرکردنی بەشی هەردو دەسەڵاتی قانوندانان و دادوەری. تێکڕای ئەو کاروکردەوانە دەچنە خانەی دەسەڵاتی کارگێڕەوە، ئەمەش بە دانانی رێوشوێنی جێبەجێکردنی قانونەکان دەکرێ کەلەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک رێسای پلە نزمتر لە قانون لەخۆ دەگرێ. نابێ ئاوەڵناوی پلە لە قانون نزمتر وامان بە بەرگوێدا بدا کە پلەی فەرمانبەرداریشی هەروا لە خوارەوەیە. ئەمە وانیە، چونکە بڕیارەکانی کارگێڕیی؛ ئەوەی لە قانونەوە سەرچاوەدەگرێ هەمان هێزی جێبەجێکردنی قانونیی هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە دەگوترێ پلەیەک نزمتر لە قانون؛ مەبەست لێرەدا روە فەرمیە گشتیەکەیەتی کە تەنها بۆ دەسەڵاتی قانون دانان دەگەڕێتەوە. لێکجیاکردنەوەی ئەو مژارە لەبەشی رەوایەتی و بابەتی قانون بەدرێژی باسی دێ. هەرچی تێگەیشتنی دوهەمیشە ئەوەیە کە گارگێڕ پێکهاتوە لە کۆمەڵێک ئۆرگانی سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمیدار و دیسێنترال و گرێدراو بە مەڵبەندەوە، کەبەتێکرا دەسەڵاتی کارگێڕیی کارڕایی دەکەن. هەر یەک لەو ئۆرگانانە دەستەی جێبەجێکاری خۆیان هەیە. هەمو ئۆرگانێک کەسایەتی قانونیانەی هەیە کە لەچوراچێوەی قانونی مەدەنیی بۆی دیاری دەکرێ. هەر ئۆرگانێکیش گەر بەپێی قانونی گشتی پەیدا بوبێت وەک دەوڵەت، پارێزگا و شارەوانی ئەوا پێویستی بەوەرگرتنی کەسایەتی قانونیانە هەیە، ئەویش بەگوێرەی قانونی مەدەنیی دەبێت تاکو بتوانێت چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات و لێشیەوە بەرپرسیار بێت. کەسی هەڵسوڕێنەری دەستەی بەڕێوبەرایەتی ئەو ئۆرگانانە کەسایەتی سروشتی خۆیان دەبێتە کەسایەتیەکی قانونیی، ئەوەش بە قانون کایەکەی دیاری دەکرێ. بێگومان تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیی لەڕوی کردەی فەرمانڕەوایی وجێبەجێکردنی قانونەکان و هاتنەکایەی دەچێتە نێو بازنەی قانونی دەستوریی، وەلێ دواتر کردەی رۆژانەی دام ودەزگاکانی کارگێڕیی بەپێی قانون و رێنمایی چ لەگەڵ یەکدی -مەبەست سەودای دام ودەزگاکان لەنێو خۆیاندا- چ لەگەڵ هاولاتی دا، دەچنە خانەی قانونی کارگێڕیی.

خاڵی لەیەکجیاکردنەوەی هەر دو قانونە ئاماژە بۆکراوەکە یان بەواتایەکی دیکە پێناسەی سەربەخۆ و لەیەک جودا بۆ هەر یەکێکیان هەوڵێکی ئەوەندە ئاسان و بەردەست نیە. کاری لەوجۆرەش کەڵک و سودێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، چونکە دەرچەی جیاکردنەوەیان ئاکامێکی قانونیانە بەدوای خۆیدا راناکێشێت.

خۆ گەر زۆر بەچڕوپڕی ناواخنی قانونی کارگێڕیی بخرێتەڕو ئەوا دەبێ قانونی کارگێڕیی بەرسڤی زۆر پرس بداتەوە کە گرێدراون بە کێشەی فەرمانبەدەست و فەرمانبەسەرداکراودا. لەنێو پرسیارەکاندا ئەمانەی خوارەوە بەبایەخترینیان:

1- ئایا کامە دام و دەزگای دەسەڵاتدار توانای بڕیاردانی بەسەر هاوڵاتیاندا هەیە؟

2- ئایا دەبێت چ بڕیارێک دەربکات و بڕیارەکەش بەپێی چ پێواژۆیەک بێت؟

3- ئایا چ جۆرە قانونێک سەبارەت بەو دو پرسیارەی سەرەوە لەگۆڕێدایە؟

4- ئایا چ جۆرە ماف و قانون پارێزیەک لەئارادایە و بۆ کێش؟

ئەو چەند دێڕانەی سەرەوە تاڕادەیەک سەبارەت بەناوەڕۆکی قانونەکە بون. هەرچی لەبارەی هاتنەکایە و پەرەسەندنی چمکەکەیەتی، دەکرێ بە ئاسانی بگوترێ کە بەردەوام لە گەشەسەندن دایە و دیرۆکەکەشی زۆر کۆن نیە. لێرەوە بێ دودڵی دەگوترێ قانونی دەستوریی لەسەرهەڵدان و ناسینی وەک قانون زۆر پێش قانونی کارگێڕیی کەوتوە. چونکە هەر دابەشکردنی قانون بەسەر دو لکی گشتی و تایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ سێ قانوننامەی سەرەکیی، وەک قانونی سزادان و مەدەنیی کە هەریەکەیان بەشێکی قانونی گرتوە و قانونی دەستورییش لەپاڵ قانونی سزاداندا قانونی گشتیی پێک هێناوە.

گەر لاپەڕەکانی مێژوی قانون نەخاسمە قانونی کارگێڕیی کە لە پێشەوە گوترا زۆر کۆن نیە هەڵدەینەوە، هەر دەبێ بچینەوە سەر بابەتەکانی دەوڵەتی قانون بە چمکی نەریتی و کۆمەڵایەتی یەوە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەرک و فرمانی میریی _دەسەڵاتی کارگێڕیی_ وا لە بەرچاوی دەوڵەتی قانون بە تێگەیشتنی کلاسیکیانە سەیر دەکرا، کە ئەرکی ئێشکگرێکی شەو بێت.

ئەرکی میریی دابین کردنی ئارامی و ئاسایش و ئۆردە و ڕێکخستنی سستمی گشتی بو. کاروباری ڕێگاوبان، ئوئاودێری و خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بو. لەبەرامبەر ئەوەشدا مافی باج سەندنی هەبو. بۆیە لەو ڕوانگە فەلسەفیەوە میریی پێویستی بەوە نەدەکرد قانونێکی کارگێڕیی وا دابنێت کە هاوڵاتیان وەک سوپەر لەدژ ناڕەواییەکانی بەکاربهێنن. چونکە لەو ڕوانگەوە میریی زۆر کاری بەسەر کاروباری خەڵکەوە نەبو، زۆر دەستی نەدەهاوێشتە نێو ئیشوکاریان.

کەچی ئەو بابەتە لە نواڕینی دەوڵەتی قانونیی کۆمەڵایەتی تەو گۆڕا. لەو ڕێگەیەوە دەبوایە میریی دەست بهاوێتە زۆر لەو کاروبارانەی هاوڵاتیان کەپێشتر سنوری بۆ دانرابو و نەیدەتوانی بیان بەزێنێ. ئیدی لەگەڵ بەرفراوان بونی چوارچێوەی ئەرک و فرمانەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیی بەرەو گۆڕەپانی پەروەردە، لەشساخی، خزمەتگوزاری گشتی، ژینگە پاک و خاوێن ڕاگرتن و خزمەتگوزاری دیکەش کشا. هەر لەچاوی ئەو دەسەڵات بەرفراوان بونەشدا ترسی ئەوە پەیدا بو کە دەزگاکانی کارگێڕیی لەکاتی ڕاپەڕمون بە کاروباریان پێیلێهەڵببڕن و ئازادی تاکەکەسیانە کە دەوڵەتی قانون بە تاکی هاوڵاتی ڕەوا دەبینێ و مسۆگەرکاریەتی، لەنێو ببا. ئیدی پێویست بەوە کرا دڵنیایی و مسۆگەریەک لەقانونی کارگێڕییدا بێتەدی کەڕێگر بێت لەبەردەم ستەم و شوڵلێهەڵکێشانی دامودەزگاکانی کارگێڕیی. خۆ گەر هەر ناڕەواییەکیشیان نواند ئەوا تاکی هاوڵاتی لێی بێدەنگ نەبێ و بتوانێ لەسەر مافی خۆی هەڵبداتێ و لەچاوی قانونی کارگێڕیی و بنەماکانەوە مافی پێشێلکراوی خۆی بسەنێتەوە.

لەو پێشهاتە دیرۆکیانە کە قانونی کارگێریی بەهۆیەوە باس و خواسی زیاتر هاتەپێش و تۆکمەتر بو (هەرچەندە نەگەیوەتە دواقۆناخی تۆکمەیی) چەند هۆکارێکی گرنگ ڕۆڵی کارای خۆیان وازی کردوە و بەردەوامیشن لەوازیکردندا لەوانە:

1- زیادبونی ڕێژەی خەڵک و دانیشتوان؛ ئەو زیادبونە پێویستی بەوەکرد لەبوارە سەرەکیەکانی خۆراک و نیشتاک وپۆشاک خەمی بۆ بخورێ. ئەوەش لە ڕێگەی

بەرفراوانتر بونی بازنەی دەسەڵاتەکانی میری بۆ باشترکردن و بەربڵاوکردنی خزمەتگوزارییەکانی.

2- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا. ئەو پێشکەوتنە مۆری خۆی بەنێوچاوانی سەرجەم بوارەکانی ژیانەوەنا کە بەهۆیەوە پرسی ژینگە، ڕێگاوبان، کانەکان وزەی ئەتۆمی و بابەتەکانی دیکەی گرنگ کە قانونبەندیکردنیان وەک پێویستیەک هاتە گۆڕێ.

3- زیادبون و نەشونماکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لەبەرتیشکی پێناسەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی قانون لە هاتنە مەیدانی دەوڵەت بۆ هێنانەدی دەرفەتی زیاتر و لەبارتر بۆ سەرجەم هاوڵاتیان؛ چاککردنی باری گوزەران، لەشساخی، پەروەردەوفێرکردن، کلتور، باروبو یارمەتی کە هەمویان داخوازی هێنانەکایەی ڕێسای قانونیانەیان بەدوەیە.

ئەوانە هەمویان بەیەکەوە هاوکات و هاوکار لەگەڵ زنجیرە نەپساوەی پێشهات و پەرەسەندن و پێشکەوتن و فرەبونی پێداویستیەکان، ئەرکی سەرشانی دەوڵەتیان قورستر کرد؛ کەدەبێت لەهەمبەریان دەستەوەستان نەوەستێت و مەبەستە هەرە سەرەکیەکەی کەڕاژەی هاوڵاتیانە بێنێتە دی.

بنەماکان ڕۆڵێکی کارانگازیان لەژیانی مرۆڤ چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ گێڕاوە و دەگێڕن. بنەماکان کۆڵەگەیەکی پتەوی نمونەیین بۆکردەوڕەفتاری ڕۆژانەی مرۆڤ. ئەو بنەمایانە کە ئێمە لەباسکردن و ڕاڤەکردنیان داین، بەهاکان لەپێویستبونیانەوە وەرگرتوە بۆ درێژەپێدانی ژیانی ئاساییانەی مرۆڤ تاکو وەک چاوەڕوان دەکرێت و مەبەستە لەئاقاری ئارامی وئاسایشدا بسەنگرێتەوە. هەروەها ئەو بەهایانەش بۆ ڕەوشت و واتا پیرۆزەکانیش دەگەڕێتەوە. خۆگەر دیرۆکیانەش بنواڕینە هەوڵ و کردەی مرۆڤ ئەوا دەبینین ئەو بنەمایانە بونەتە ئامانج و لەپێناویدا خەباتێکی خوێناوی و درێژخایەن کراوە. نمونەی سادە و ساکار و زیندویی بنەماکان ئازادی، سەربەخۆیی، یەکسانی، برایەتی، دادوەری و هتد.....

خۆ گەر ئەو بنەمایانە راستەوخۆش ئامرازی پاڵنەر یاخود مەبەستی رونی کۆششی مرۆڤ وەک تاک یان کۆمەڵ نەبوبن، ئەوا کانیاوی دنەدانی خودی کردەکەبون. بەوەی هەر ویستێکی ئاشکراو رون بۆ بەرەوپێشچون یان بەواتایەکی رونتر مەبەستێکی هەوڵبۆدراو، ئەوا بناوانی رەوایەتی بۆ یەکێک لەو بنەمایانە دەگەڕێتەوە. لە هەناوی ئەو ڕاستیەی سەرەوەدا کردەی دیکەی مرۆڤ لە چوارچێوەی خۆرێکخستن و بەدەرکەوتنی هەوڵەکانی دارشتنی ریگەدانان بۆ رەفتاری رۆژانە و لەبەرچاوگرتنی ئایندەی؛ قانون وەک دەرەتانێکی دەستکرد و داهێنانی مرۆڤ بۆخۆی بایەخی بنەماکانی زیاتر زەق کردۆتەوە. بێگومان قانون کە دەرچەی دەسەلات و هەولی خۆرێکخستنەوەی مرۆڤە هەروا لەخۆوە و بیبنجوبناوان نەهاتوە و جیی خۆی نەکردۆتەوە. رەوشت بەواتا ریسایيەکەی، واتا پیرۆزەکان، بنەماکان، پیداویستیە یەک لەدوای یەکەکانی مرۆڤ و خواستی هاولاتی و دەسەلاتداران- بەپیی کەش و هەوای فەرمانڕەوایەتی لە جۆرە دیارەکانی فەرمانڕەوایەتی لە دیموکراسی/ نادیموکراسی- بونەتە ناوەرۆک و هیزی پاڵنەری قانون. خۆ دەکریت ئەوەش بگوتریت کە قانون زمانی دەربڕینی کۆمەڵە واتا ناوبراوەکانی سەرەوەن.

قورسایی سەنگی بنەماکان لەسەر قانون بەپیی لکەکانی قانون دەگۆڕیت. قانون وەک لەبەشی پیشودا ئاماژەی بۆکراوە دو لکی سەرەکی هەیە. لکی قانونی تایبەتی کەزیاتر خواست و ئارەزوی تاکەکان لەدانانی گریبەندەکان، ئەرک و مافەکاندا بڕیاردەرە. لەو خویندنەوەیەدا وادەبێ دەربکەوێ کە بنەماکان جیدەستیان بەرونی و بەرچاوی دیار نەکەوێ. ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەی کە ویستی هینانەکایەی ئەرک وفرمانەکان تەنها بۆ دولایەنەی گریبەندەکە دەگەڕیتەوە. بەلام لەڕاستیدا بابەتەکە بەو جۆرە سادەییە ناکەویتەوە، چونکە هەر ئەو خواستەی دولایەنییە گریبەندیەکە با ناڕاستەوخۆش بیت، بەجۆریک لەجۆرەکان دەکەویتە بەر کارتیکردنی بنەمایەکان. نابێ ئەوەش لەبیر بکریت کە هەندێ بنەما هەن راستەوخۆ لە راڤەکردنی گریبەندەکاندا دینە پیش؛ کاتیک جێ

بەجێکردنی گرێبەندەکە گرفتی دێتەپێش و ڕێگای دادگا دەگیرێتە بەر. ئیدی یەکێ لەو بنەمایانە دەرویەک لە دادوەر دەکاتەوە بۆ بڕیاری یەکلاکەرەوە. کاتێکیش دولایەنە پەیوەندیدارەکە سەروبەندی لایەنەکانی گرێبەندەکەیان لە رویی ئەرک و مافەکان دانەڕشتبو، ئەوا بێ مقۆمقۆ بنەماکان رۆڵی شیاوی خۆیان دەگێڕن. ئەوەی جێی سەرنج بێت لە بواری قانونی تایبەتدا بەتایبەتیش لە چارەسەرکردنی کێشەگەلی وەک گرێبەند و ئەرک و مافەکان، بنەمای نیازپاکی و رەفتاری ئاسایی رۆژانەی خەڵک لە هەمان باردا سەنگی قانونیان زۆر بەباشی دەردەکەوێت.

لەبواری لکەکەی دیکەی قانون، قانونی گشتی دا سەنگی بنەماکان قورستر و لەبەرچاوترە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتی قانونەکە خۆی. لێرەدا قانونی گشتی کەمتر یان بڵێن بوار ناداتە خواستی تاکەکان لە ڕاڤەکردنی ڕێساکانی ئەرک و مافەکان بەڵکو دەسەلاتی فەرمانڕەوا بڕیاردەرە. مەبەستیش لەدەسەلاتی فەرمانڕەوا ئەو دەسەلات(ان)یە کە لەبابەتی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان باسی لێوە دەکرێ. ترسی ئەوەش هەیە کە دەسەلات شوڵی لێهەڵبکێشێ، بۆیە سەراتاکان دەبنە لەمپەرێک لەبەردەم تەقەڵلای ئەو زێدەرۆیییە. لەهەمان کاتیش بەرژەوەندی گشتی خەڵک –هاولاتیان- پێشەنگە و بنەماکان دەبنە بەربەست لەبەردەم هەر لاڕێبونێکی ناواخنی قانون و جێبەجێ کردنی نادروستیانەی یەک لایەنیانەی ڕێساکان.

کاتێک کێشەیەک دەچێتە بەردەم دادوەرێک بۆنمونە کێشەیەکی تایبەت بە قانونی سزادان، ئەوا دادوەر دەقێکی قانونی لەپێشە بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تۆمەتبار و کردنی بەتاوانکار؛ کاتێک کە تەوی رەگەزەکانی تاوان بسەلمێندرێ. کەچی لەهەمان کاتیشدا نابێ هەروا بە وشک وبرینگی دەقی مادده قانونە نوسراوەکە جێ بەجێ بکات، بەڵکو دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بنەما پەیوەندیدارەکان.

لایەکی دیکە لە قانونی گشتی کە بڕیاردەرە بەسەر هەڵسوکەوتی هاوڵاتیان لەچوارچێوەی قانونی کارگێڕییدا، داو دەزگا و دارودەستەی میرییە. مەبەست لەوە ئەو پایەیە کە بەهۆیەوە دەسەلات دەسەلات دەگێڕێ جا بازنەی دەسەلاتەکە هەرچۆنێک بێ. هەر لە وەزیرەوە بگرە تا فەرمانبەرێکی خوارەوە کەجۆرێک لە دەسەڵاتی هەبێ؛ بۆنمونە دەسەڵاتی مۆڵەتپێدانی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل و دروستکردنی خانو هتد.

راستە قانونی کارگێڕیی و قانونەکانی پلەخوارو و رێسا و رێنماییە گشتییەکانی میریی و وەزارەت و فەرمانگاکان، زۆ لایەنی چۆنیەتی داڕشتن و جێبەجێ کردنی بڕیاری کارکێڕییان وەک دەق لەخۆ گرتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ رۆڵی سەراتاکان پشت گوێ بخرێ، ئەو رۆڵناسینەش لە دوتوێی دەق یان لە دەرەوەی دەق. هەر بڕیارێکی میریی –مەبەست لەمیریی دەسەڵاتی کارگێڕییە- لەڕوانگەی فەرمانبەرداریبونی بەبنەماکانەوە جیاوازی نیە، ئیدی بڕیارەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت یان وەزیر یان بەڕێوبەری گشتی یان هەر فەرمانبەرێکی دەسەڵاتپێدراو.

ئەو لاباسەمان کە تەرخانە بە بنەماکان مەبەست زیاتر ئەو بنەمایانەیە کە دەبێ بڕیاری کارگێڕیی لەبارودۆخی ئامادەکردن، واژۆکردن، ئاشکراکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا پەیڕەویان بکات. پێشێلکردنی یەکێ لەو بنەمایانە –وەک دواتر بەدرێژی باس دەکرێ- دەبێتەمایەی لەکەداربونی بڕیارەکە و بناوانی ماف بۆ هاوڵاتی کەسەرەتا لەبەردەم هەمان دەسەڵاتدا بەگژیدا بچێتەوە پاشانیش گەر هەر دادی نەدا رو لە دادگا بکا. لەهەمان کاتیشدا بنەما پەیوەندیدارەکە دەبێتە دەرەتانێک بۆ دادوەر بۆ لەمحەکدانی بڕیاری کارگێڕ.

ئەو بنەمایانە بە تایبەتیش ئەوانەی بواری کارگێڕیی دەگرنەوە، هەروا لەخۆیانەوە نابنە بنەمای رەوایەتی قانونیانە بۆدەست پێوەگرتن، بەڵکو پێویستیان بەهەژاندنێک هەیە، پێویستیان بە بەجوڵەخستن هەیە بەکورتی پێویستان بەپێواژۆیەک هەیە. بەگەڕخستن و تەکانپێدانی ئەو بنەمایانە دەچێتە خانەی دەستپێوەگرتن وجێ بەجێکردن. ئەوجوڵەیەش

پێواژۆیە (پرۆسە)کە دەربەستیەتی. پێواژۆ بەو واتایەی داخوازینامە و تەقەڵلانامەی خاوەن ماف و پەیوەندیدارەکان بەو مەبەستەی کەقانون دەیناسێ ڕەوایەتی دەداتێ. پێواژۆ لێرەدا بەو واتایەی کە یەکنەگرتنەوەیەک لە دەرچەی بڕیارە کارگێڕیەکەدا هەبێت ئیدی ئەو کۆششە چ هاوڵاتی بیگرێتەبەر و پەنای بۆببات لەهەمبەر بڕیارێک بە ڕای خۆی لادەر و لاسەنگ سەبارەت بە بەرژەوەندیە چاوەڕوانیە ڕەواکانی لەڕوی دەرەتانی قانونی، یان چ دامودەزگای بڕیاردەر دەستی بۆببا بە ئامانجی داکۆکی لەخۆپێکردن بەوەی لەگرتنەبەر و بەڕێوەچونی پرۆسەکەدا بنەما پەیوەندیدارەکان پێشێل نەکراون.

کەواتە لێرەدا بنەما پەیوەندیدارەکان بەردەستی هەردو لایەنی پرۆسەکە دەکەن. بەمەش بایەخەکەیان دوقاتتر دەبێتەوە.

ماف بەگشتی وەک دەگوترێت دەسەنرێ و نادرێ. ماف سەندنیش بەگوێرەی ناواخنی بنەماکان لە پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنی قانونیانەی دەستپێوەگرتنیەتی کە ئەویش لەپێواژۆکەیدا خۆی دەبینێتەوە.

نمونەیەکی سادە: هاوڵاتیەک داوای مۆڵەتی دروستکردنی خانویەک لەشارەوانی ناوچەکەی خۆی دەکات. دوای ماوەیەک شارەوانی بڕیارێکی نەرێییانە دەردەکات. ئیدی هاوڵاتیەکە نابێت هەروا لەخۆیەوە بڵێت شارەوانی نارەوایەتی لەگەڵ کردوم هیچ تەکانێکی دیکە نەدات. بەڵکو وا پێویستە دەستبەردار دانەنیشێ و نامەیەکی ناڕەزایی بۆ شارەوانی بنوسێ کە تیایدا داوای ڕونکردنەوەی هۆیەکانی نەرێیەتیەکە بکاو لەسەر شارەوانیش پێویستە ڕونکردنەوەکە بدا. ئەوسا مافی هاوڵاتیە کە سکاڵانامەیەک بنوسێ لەسەر بنەمای بەڵگە، بەوەی داخوازیەکەی تەوی مەرجە قانونییەکانی تێدابێ. یاخود لەهەمان بارودۆخی یەکساندا بڕیاری ئەرێتی بۆ کەسێکی دیکە دەرچوە، کە لێرەدا هێما بۆ بنەمای یەکسانێتی دەکرێ. ئەوسا گەر وەڵامی دوهەمی شارەوانی هەر دوپاتکردنەوەی هەمان بڕیاری یەکەم بو، ئەوا ڕێگای دادگا (دادگای کارگێڕیی) لەسەر پشتە تاکو بیبڕێنێتەوە و دوا قسەی یەکلاکەرەوەی خۆی تێدا بکا. لەپێشهاتی پرۆسەکە

دەگەینە ئەو راستیە کە بەنوکە قەڵەمێکی فەرمانبەری شارەوانی کێشەکە نابڕێتەوە. چونکە گەر بەو رێوشوێنە بێت کۆمەڵێک رێسای داڕێژەری بنەماکان پێشێل دەکرێن، کەدواتر بەدرێژی باسیان دێ. بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ لە گرتنەبەری ئەو پڕۆسەیەدا جۆرێک لە پلەداری رێوشوێن گرتنەبەر هەیە بەوەی دادگا دوا هەنگاو دەبێ و ناکرێ بەسەر قۆناخی سکاڵانامەدا باز بدرێ. هەروەها کاتبەندیش گرتنەبەری رێوشوێنی پڕۆسەکە مەرجدار دەکا بەوەی هەم قۆناخی سکاڵا و هەم قۆناخی دادگا ماوەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە دوتوێی قانونە پەیوەندیدارەکاندا بەڕاشکاوی هاتوە. رەچاوکردنی ئەو ماوە قانونییە دەستنیشانکراوە ،چارەنوسسازە بۆ تەکانپێدانی خودی پڕۆسەکە.

پڕۆسەیەک کە لەلایەن دامودەزگای کارگێڕیی دێتەگۆڕێ، دەبێ بەباشی و بەلێهاتویی بەڕێوەبچێ. ئەو لێهاتوییە یان بڕیاری لێهاتو چاوگەکەی هەر بەتەنها بۆ دەقی قانونیی ناگەڕێتەوە بەڵکو هاوتا لەگەڵ قانون بۆ بنەما گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕیش دەگەڕێتەوە. لەهەر پڕۆسەیەک گەر سەلمێنرا کە لە ڕەچاوکردنیدا ئەو بنەمایانەی پێشێلکردوە، ئەوا لەڕێگەی سکاڵاو بەگژدا چونەوە دەکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە.

بەقانونکردنی بنەماکان

بنەما گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕیی هێزی جێ بەجێکەری خۆیان لە قانون و عورف بڕیاری دادگای باڵا (تەمیز) وەردەگرن.

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە یەکێک لە سەرچاوەکانی قانون بنەماکانن. بۆیە کاتێک بنەمایەک بەزمانی قانون دادەڕێژرێ گومانی تێدانیە کە هێزی جێ بەجێکردنی کاریگەرتر دەبێ لەبنەمایەکی دانەڕێژراو و بەقانون نەکراو. بەو ئاقارەدا بنەما هەیە لە چوارچێوەی قانون داڕێژراوە. ئەو بەقانون کردنەی بنەماکان زیاتر ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە کەگشتین و رێسای گشتی و ناسراو و دانپێدانراون وەک یەکسانیی، ئازادی، جیاوازی نەکردن و دادپەروەری ... بەزۆریش وایە ئەم بنەما رێساداریە قانونیانە لە بەرزترین تۆپکەی

سێگۆشەی قانونییدا کە دەستور دەگرێتەوە جێی خۆیان کردۆتەوە. دواتر لە قانونەکاندا دەقنوس دەکرێنەوە و رونتر دادەڕێژرێنەوە. لێرەدا پێویستە هێما بۆ ئەوە بکرێت کە جۆرێک لە تێکەڵاوی لە نێوان بنەماکان و مافە بنچینەیییەکاندا هەیە. زۆرجاریش وایە ناوەڕۆکی هەردوکیان هەر یەک شتە. لەبابەتی مافە بنچینەییەکان ئەو بابەتە ئاماژە بۆکراوە بە درێژتر لێی کۆڵراوەتەوە.

سەنگی ئەو چەند بنەما ناوبراوانە لە دەقی دەستور و قانونەکاندا بەتایبەتیش لە دەستوردا بۆ بڕوانامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە جیاجیاکان دەگەڕێتەوە. ناکرێ دەوڵەتی هاوچەرخ لاری لەبەرامبەر هەبێت و پشتگوێیان بخا. چونکە سەنگی محەکی واتا پیرۆز و باوەکانی سەردەم ئەو چمکانەن کە ناواخنی دەوڵەتی قانونی دیموکراسی پێکدێنن.

ئەوە لایەنێک، لایەنێکی دیکە خودی ئەو چەمکانەن وەک پەیڤ و دەستەواژە. ئەو چەمکانە بەڕەهایی بەکارهێنراون جێگەیان لەنێو دەقە قانونیەکان بۆکراوەتەوە. بۆنمونە کۆمەڵێک پرسیار وەک: یەکسانیی چی دەگەیەنێ؟ چۆن پەیڕەو دەکرێ؟ دەوروبەرو بارودۆخ چ باندۆرێکی بەسەرەوە هەیە؟ ئایا هەمو کەسێک لە گشت بارودۆخ و کات و ساتێکدا بۆیان هەیە پەنای بۆ بەرن؟ ئایا یەکسانیی چوارچێوە و سنوری هەیە؟ گەر هەیەتی چین؟ بەرسڤی ئەو پرسیارانە و پرسیاری دیکەش لەدەقی دەستور و قانوندا نادۆزرێنەوە. بۆیە دامودەزگای دەوڵەت بەپێی دەسەڵاتەکانی قانوندانان، کارگێڕی و دادوەری راڤەی دەکا. لەو شرۆڤەکردنەشیاندا گەر دەوڵەت ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا نەبو کە لە دەوڵەتی دیموکراسی و قانوندا هەیە ئەوا لەیەک واتا بەدەر هیچی دیکە ناگەیەنێت، ئەویش بنکۆڵکردن و مایەپوچکردنی ئەو بنەما روکەشە دانپێدانراوانەیە. خۆ لە دەوڵەتی قانونیشدا گەر دەسەڵاتی کارگێڕی بەتەنها سەرپشککرا لە راڤەکردنی بنەما ئاماژەبۆکراوەکان ئەوا دیسان ئەگەری داشۆرین لەناواخنیان بە کردار دێتە گۆڕێ.

کاتێک دامودەزگایەکی کارگێڕیی خەریکی دەرکردنی بڕیارێک بێ کە پەیوەندی بە هاوڵاتیەوە هەبێ، دەبێ لە چوارچێوەی قانوندا ئەو کارە بکا. واتە دەبێ بڕیارەکە پشت بە قانون ببەستێ. ئەمەش کرۆکی بنەمای رەوایەتییە کە لە بابەتی خۆیدا بە درێژی باسی لێوە دەکرێ. فەرمانگەیەکی کارگێڕ ناتوانێ لەخۆوە و لەگۆترە، بێگوێدانە قانونی تایبەتمەند بڕیارێک دەربکا. بەڵام ئەوەش وا ناگەیەنێ کە قانون سەرتاپای کون و کەلەبەرەکانی گرتۆتەوە و ورد و درشتی شتەکانی قانونڕێژکردوە. لەو نێوەدا فەرمانبەری کارگێڕیی جۆرە سەربەستییەکی هەیە کەتێیدا بخولێتەوە و قانون راستەوخۆ لەقاڵبی نەدابێ، ئەوسا لەڕێگەی راڤەکردن بۆی بچێ یان دەسەڵاتی خۆی بۆ بەکاربێنێ. لەو بوارەدا کە قانون نەتوانێ سەرجەم رەفتارەکانی کارگێڕ رێساڕێژ بکا ئەوا گۆڕەپان بە تەوی بۆ دەسەڵاتی کارگێڕ ئاوەڵا نابێ، ئەوکات لەجیاتی قانون بنەماکان دێنەپێش. بۆ پڕکردنەوە و تەوکردنی قانون بنەماکان لەسەرڕێن و دەبێت کارگێڕ پێیەوە پابەند بێ ئەگینا بڕیارەکەی توشی ئەگەری هەڵوەشاندنەوە دێ؛ کاتێک هاوڵاتی بەرژەوەندیدار لێیرازی نەبێت و گازاندە بکات و دواتر پەنا بۆ دادگا ببا.

لێرەدا بنەماکان وەک تەوکەری قانون دێنەپێش. ئەو قسەیە تا ئێرە پەسندە. بەڵام ئەو قسەیە تەنیا لەو بارەدا دێتەئاخافتن کە ئێمە قانون و بنەماکان بە دروستی وەک دوشتی لەیەک جودا بخوێنینەوە. بۆیە نابێ ئاگامان لەوە ببڕێ کەزۆر لەو بنەمایانە لە دوتوێی قانونەکاندا رەنگڕێژکراون و داڕێژراون. بۆیە بنەماکان بەدو شێواز دێنە پێش، جارێکیان وەک دەقێکی داڕێژراوی نێو قانون، جاری دیکەش وەک کەلێنپڕکەرەوە و جێگرەوەی قانون، چونکە بەقانونیی نەکراون. بۆیە هیچ کایەیەک بۆ کارگێڕ نامێنێتەوە خۆی لێ لابدا. گەر بەسەرێکیش نەیگرێ بەسەرەکەی دیکە دەیگرێ.

بڕیاری کارگێڕیی بەسەر دو تا دابەش دەبێ. تایەکیان ناواخنەکەیەتی تایەکەی دیکەش کردە و پێواژۆی دەرچونەکەیەتی. نابێت بڕیارێکی کارگێڕی بێ ناوەڕۆک وپرۆسەیەکی لێوەشاوە و لێهاتو دەربچێ. گەرهاتو بڕیارێک ناوەڕۆکی ناشایستە بو ئەوا مەرجی

شایستەبونی پێواژۆی ئامادەکاری بڕیارەکە دەبێتە لەمپەر بەرامبەر دەرکردنی بڕیارەکە. بەو پێیە شێوازی لێهاتویی دەرکردنی بڕیارەکە لەلایەن خۆیەوە دەبێتە جۆرە چاودێریێک بەسەر بڕیارەکە –وەک داڕشتن و ناوەرۆک–. نابێ ئاگاشمان لەوە ببڕێ کەبنەماکان هەردوتای بڕیارەکە دەگرنەوە. بنەما هەن ناوەڕۆکی بڕیارەکەیان پێ لەمەحەک دەدرێت و هەروەها بنەماش هەن پێواژۆی دەرچونی بڕیارەکە لە سەنگی محەک دەدەن.

قسەی لەسەر نیە پاراستن و لەسەر رۆیشتنی رێساکان دەبێتە بەربەست لەبەردەم لە قانونلادانی بڕیاری کارگێڕیی بەڵام بێگومان لە نێو سنوری دەوڵەتی دیموکراسی و قانوندا.

چ قانوندانەرانی وڵات (نێوخۆ) چ نێودەوڵەتی، ناتوانن لە دوتوێی قانوننامەکانیاندا سەرتاپای پێداویستیەکانی رۆژانەی مرۆ دابڕێژن و رێسای بۆ دابنێن، چونکە گەر وابکەن ئەوا هەر قانوننامەیەکی تایبەت بەبوارێک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ دەبێ هەزاران ماددەی بۆ تەرخان بکەن. هەروەها بارودۆخی مرۆڤیش بەپێی پێویستی و پێشکەوتنی کات و تەکنیک رو لە زیاد بوندایە، بۆیە ناکرێ لەسەر بنەمای پێشبینیکردن بێ. ئەو خاڵە لە قانوندا خاڵێکی لاوازە بۆیە پێویستی بە پڕکردنەوە هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە داخوازی گۆڕین و هەمووارکردن و دانانی قانونی نوێ ماوە بەماوە یان بە بەردەوامی بەپێی سیستمی وڵاتان دێتەگۆڕێ. بێجگە لەو رێگەچارەی ناوبەناوەیە یان بەردەوامی هەمووارکردن و داڕشتنەوە یان دانانی قانونی نوێ، رێسا گشتییەکان ئەو کەلێنە باش پڕ دەکەنەوە. هەر بۆیەشە ئەو رێسایانە کە بنەما گشتییەکانن بە قانونی تۆمارنەکراو دانراون، یان وا باشترە کە بڵێین قانونی نەنوسراون چونکە لە قانونناسییدا هەروایە. ئەو بنەمایانەش ئەو رێسا گشتیانە لەخۆ دەگرن کە لە ڕوانگەی هەست و درکپێکردنی مرۆ؛ کەلە مەبەستی دادپەروەری نزیک دەبنەوە و لەلایەن هەموانەوە پەسندن وتاقیش کراونەتەوە، لەو روەشەوە رەوایەتیان وەرگرتوە. تێکڕای ئەو رێسا گشتییە ماف لەخۆگرانە لەڕاژەی هاوڵاتیدان. ئەو رێسایانە بنەما گشتییەکانی لێهاتویی

بڕیاری کارگێڕیی بن یان بنەما گشتییەکانی کایەی قانونی سزادان، یان هی قانونی مەدەنی هیچ لە وێناکردنیان وەک سەرچاوەیەکی بەردەستی قانونییبون ناگۆڕێ.

بنەماکان ئەو واتا بەهادارانەن کە خەڵک بەگشتی پەسندیان کردوە. ئیدی لەسۆنگەی ئەوەوە بەهای دەرکەوتنیان بۆ ئاستی پەیڕەولێکردن دەردەکەوێت. وەک دەرکەوتە یان بەرامبەر قانون پاشان بەدەق کراون واتە خراونەتە چوارچێوەیەکی قانونی و نوسراونەتەوە، یان نەخراونەتە قاڵبی نوسینەوە وەک دەق بەڵکو بە نەنوسراوی ماونەتەوە، بەڵام سیمای قانونیان لێدانەشۆراوە. لێرەدا لەبەرامبەر دو لایەنی چەمکی قانون دەوەستین: یەکێکیان قانونی نوسراوە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچێ؛ لایەکەی دیکەشیان قانونی نەنوسراوە.

کاتێک خوێندکارێکی قانون لاپەڕەکانی کتێبە ئەکادیمیەکان هەڵدەداتەوە هەوڵی ئەوە دەدا بنەمایەکی قانون فێربێ، ئەوا هەر لەبەراییەکانەوە بە واتاکانی قانون و سیماکان و سەرچاوەکانی قانون ئاشنا دەبێت. کە باس دێتە سەر ژێدەرەکانی قانون ئەوا ریزبەندیەکەی بە کارانگازبونی کلتور و دین دابەش دەبێتە سەر:

1- قانونی دانراو/ نوسراو

2- عورف (داب نەریت)

3- رێکەوتننامە

4- پێشینەی دادوەری، بڕیاری دادگا - دادگای باڵا (تەمیز).

ئەو باسە پێشتر باسکراوە. بۆیە مەبەستمان لێرەدا ژێدەری دوهەمە. عورف زۆرجار بە قانونی تۆمارنەکراویش ناوزەدە دەکرێ.

کاتێکیش دێین وباس لە بنەماکان دەکەین ئەوا ئەوان بەرگی ئەو ژێدەرێتیەش دەپۆشن.

بەم جۆرە ژێدەری نەنوسراو دو لکی لێدەبێتەوە عورف وبنەماکان.

کارلێککەری عورف و بنەماکان لەسەر یەک یان سەودای نێوانیان زۆر بەهێزە. زۆرجاران عورف بەخۆی بنەمایەکە، یاخود بنەمایەک لەپشتییەتی. بەڵام مەرج نیە هەمو

عورفێک بنەما بێ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە. عورف زیاتر تایبەتمەندە بە زەمین و زەمانی کۆمەڵگایەک، بەچۆنیەتی رەفتارکردن و دوبارەبونەوەی ئەو رەفتارانە و پەیدابونی ئەو بڕوایەی ملکەچێتی لە بەرامبەر دوبارەبونەوەی ئەو رەفتارانەدا بێنێتەکایە؛ یان لادان لەو رەفتارە دەبێتە مایەی پەشیمانی و سزای کۆمەڵ. کۆنیەتی عورفیش بەوە تاقیدەکرێتەوە کە نەزانرێت سەرەتای رەفتارەکە بۆ کێ و چ کەسێک دەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ یادەوەری کۆمەڵ خۆی.

بنەماش پەیوەندیان بەباوەڕی مرۆڤەوە هەیە، بەوەی بەهای رەفتارەکە لە واتاکانی چاکە و خراپە و پێویستی بەردەوامبونیدا هەیە و فەلسەفەیەکیشی لەپشتە.

بنەماکان ناوەڕۆکی گشتییان هەیە هەر بەو لایەنە گشتگریەش بە شێوەیەک لە شێوەکان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەروسەودایان لەگەڵ قانوندا پەیدا دەبێت. ئەو بەشەبابەتە کە تەرخانە بە بنەماکان مەبەستمان بنەما قانونیەکانە یاخود ئەو بنەمایانەن کە قانون بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵ پەنایان بۆ دەبا، نەک بنەماکان بەفراوانی واتاوە. چونکە گەر باسی بنەماکان بەفراوانی و گشتگری واتاکانیانەوە بکەین ئەوا دەبێ خۆمان لەقەرەی بابەتەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفە و کولتورناسی و ئایینناسی بدەین، ئەوەش کایەی باسەکەی ئێمە نییە.

جۆری بنەماکان بەسەودایان لەگەڵ قانون

1- گوتمان بنەماکان چاوگێکی نەنوسراوەی قانونن. بەڵام هەندێ بنەما هەن لەبەر گرنگییان، لەبەر بەربڵاویی و ناسراوییان راستەوخۆ قانون دانی پێداناون و لەدوتوێی ماددەکانیدا ئاخنیون. زۆرجارانیش دەستور لەو بوارەدا پێشەنگە، ئەنجا قانونەکانی دیکەش هەمان رێگە دەگرنەبە. کاتێک بنەماکان بەم جۆرە دێنەپێش کارئاسانی زۆر بۆ مافناس و هاوڵاتی مەیسەر دەکەن. چونکە مقۆمقۆ سەبارەت بە دەستپێوەگرتنی ئەو بنەما پەیوەندیدارە یان دەستپێوەنەگرتنی ناهێڵێ. کێشەی فەرمانبەرداری هەر

لەبەرایییەوە دەبڕێنێتەوە. قانونیش کە بەراستەڕێگای خۆی – دەسەڵاتی قانوندانان-بەپێی کردەی دیموکراسی لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی گشتی ئازاددا دێتە بون، سەنگ و بایەخی رەوایەتی بنەما دانپێدانراوە کە جێگرتر دەکا.

لێرەدا پرسێک سەبارەت بە لەخۆوەگرتنی بنەماکان دێتە گۆڕێ بەوەی ئایا ناکرێ هەمو بنەماکان بئاخنرێنە لیستی قانونە داڕێژراوەکان کە بەمە لە کێشەی لابەلای راڤەکردن و بە ناڕاستەوخۆ دەستبۆبردن رزگارمان دەبێ؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەبەردەستدا نیە. پشتگرەی وەڵامەکە بۆ ئەوە دەچێ کە هەندێ لەبنەماکان، رەنگبێ بەشێکی زۆریش بن، تارماییان لەسەر بێ و رون و ئاشکرا نەبن، یاخود شرۆڤەی زۆریان گەرەک بێ ، بۆیە وا باش نییە سەرجەمیان کۆبەندی قانون بکرێن. بێجگە لە هۆی ئاماژە بۆکراو هۆی دیکەش ئەوەیە کە بنەماکان مشەن و لەفراوانبونیشدان، هەموشیان هەر تایبەت نین بەلکێک لە لکەکانی قانون؛ زۆر جارانیش لە توانست و درکپێکردنی هەنوکەیی قانونداڕێژدا دەردەچن. قانونیش ئەرکی فەرهەنگ لەخۆیەوە ناگرێ، واتە قانوننامە فەرهەنگێک نییە تا سەرلەبەری چمک و دەستەواژە و پەیڤەکان لەخۆی بگرێ. هەر بۆیە گرنگترین و بەرچاوترین بنەما وەک یەکسانیی، دادوەری، رەوایەتی و بنەما گشتیەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕیی بە دەقی قانونی داڕێژراو کراون و ئەوانی دیکەش ماونەتەوە بۆ دادگا و راڤەکردن.

2- لەو خاڵەی سەرو بارێکی رێسایی باسکرا کە چۆن بنەماکان بە داڕشتن لە نێو بەند و ماددەکانی قانوندا یان بەدانەڕێژراوی/ نەنوسراویی/ سیمای رێکخەری و پێوەپابەندبونیان هەیە. کەچی لەم خاڵەدا باسی بارێکی تەو جیاواز دەکەین. بنەما هەیە تەو وەک باری سەروە بەڵام بەهەڵگێڕاوەیی؛ واتە قانون راشکاوانە جاڕ دەدا کە فڵانە بنەما نابێ وەک بنەمایەکی هێزپێدراوی قانونیی لەبەرچاو بگیرێ، بەڵکو دەبێت بەلاوە بنرێ. زەقترینیشیان ئەو بنەمایەیە کە دەڵێ:" نابێت کەس لە بەدکاری خۆی سودمەند بێ". نمونەش بۆی: یەکێک سامانێکی (زۆری) بۆ بەجێ دەمێنێ. کاتێک کە میراتدەرەکە لە

ژیاندا نەمێنێ، جا چ دایک وباوکی بێت یان کەسێکی دیکەی خزمی. ئیدی میراتگرەکە تاکو زو دەستی بەمیراتەکە رابگا بەتاوانی کوشتن هەڵدەستێ. لەئەنجامدا هەرچەندە سزای خۆی لەبەرامبەر تاوانی کوشتنەکەدا وەردەگرێ بەلاّم قانون لە میراتەکەی بێپشکی ناکا. وەلێ ئەو بنەمایەی باسی لێوە دەکەین لێی بێبەش دەکا. بەشە سامانە بەجێماوەکە دەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت بەمەرجێک هەر تەنها خۆی میراتگرە قانونیەکە بێ.

بنەمای مێژویی ئەو بنەمایە بۆ داڕشتنە لاتینەکەی دەگەڕێتەوە کەدەقەکەی واهاتوە Nemo auditur suam turpitudinem allegans.

3- کاتێک قانونی بەردەست بێدەنگ بێت لە ئاست چارەسەرکردنی دۆزێک لەدۆزەکانی هەڵسوکەوتی رۆژانەی خەڵک، ئەوا بنەماکان ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە. لێرەدا بنەماکان وەک یەدەگێک دێنە پێش چاو. قانونیش وەنەبێت سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤی بێکونوکەلەبەر داپۆشین هێشتبێتەوە، بەڵکو بۆشایی تێ دەکەوێ. ئەو بۆشاییانەش بە بنەماکان پڕدەبنەوە. هەرچەندە لێرەدا ئەوە دەگوترێ کە قانون دەربڕێکی دێموکراسیانەی خەڵکە لەرێگەی نوێنەرەکانییەوە بۆ داڕشتنی چوارچێوەی ئەرک و فرمانەکانیان، ئیدی چۆن دەبێ کە ئەو جۆرە دەربڕە دێموکراسییە نەما و بۆشایی تێکەوت، راستەوخۆ کەلێنەکە بە پڕکەرەوەیەکی نادێموکراسی پڕبکرێتەوە، کە مەبەست لێرەدا بنەماکانن. لەبەرامبەر ئەو قوڵبینییەدا وەلامەکە ئاوا دەکەوێتەوە کە بنەماکان لەراستیدا واتای گەورە گرنگ لە خۆ دەگرن. واتاکەشیان لە بناوانەوە لە بڕواپێبونی خەڵکەوە هەڵێنجاوە. بەپێ داگرتن لەسەر ئەو خاڵە ئەوە دەبینرێ کە خەلک بەتێکڕا داخوازی ناوەڕۆکی ئەو بنەمایانەن چونکە بۆخۆیان و بەرژەوەندیەکانیان هاتونەتە کایە. بەمە دەکرێ بگوترێ کە پەسەندکردنی خەڵک بۆی جۆرە راپرسییەکی گشتی نافەرمی هێناوەتەکایە کە لەگەڵ خواستی دێموکراسی هاوچەرخ هاوڕاو هاومەبەستە. هەر بۆنمونە و بەس بنەمای یەکسانیی گەواهیدەرێکی حاشا هەڵنەگری ئەم بارەیە.

4 - زۆرجاران وایە بنەماکان رۆڵی سایە دەبینن، واتە سایەی قانونێک لەقانونەکان. خۆ گەر قانونەکە هەموشی لەژێر سێبەری بنەماکان جێی نەبێتەوە ئەوا ماددەگەلێکی یان بەندگەلێکی لە سایەی بنەمایەکدا دەردەکەون. کاتێک مادەیەکی قانون لێک دەدرێتەوە و شیتەڵ دەکرێ، هەروا بە دەقاودەقی وەرناگیرێ. بەڵکو دادوەر بەرەو گیانی قانونە پەیوەندیدارەکە هەنگاو هەڵدەگرێ، پەنا بۆ فەلسەفەی قانونەکە دەبات، هەوڵ دەدا رازی نێوان دێرەکان هەلبێنێ. ئەو پرسانە لە سەلماندنی قانوندا پێویستیان بە وەڵامی دادوەرە: ئایا مەبەستی قانونەکە چییە؟ هۆکاری دانانای چییە؟ چ چاکسازیەکی لەبەر چاوگرتوە؟ لەکۆبەندی هەمو ئەوانەشدا بنەماکان قیت دەبنەوە و دەبنە پێوەر و کەرەسەیەکی لەبار بۆ راڤەکردنی قانونەکە بە ئامانجی بەدروست جێبەجێ کردنی.

رێسا گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕ

میریی – دەسەڵاتی کارگێڕیی- لەرێگەی دامودەزگاکانیەوە راستەوخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوڵاتیان دەکات و کاروبارەکانیان هەڵدەسوڕێنێ. بەپێی بنەمای رەوایەتی دەبێ قانونێک لەبەردەستدا بێ کە بەشێوەیەکی دیموکراسی لەلایەن دەسەڵاتی قانوندانانەوە (بەگوێرەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) دەرچوبێ. هەمو رەفتارێکی میرییش دەبێت لەژێر چەتری قانون دابێ. قانون دێ نەک هەر سنور بۆ رەهەندی چالاکی تاکی هاوڵاتیی دادەنێ؛ بەڵکو سنوری دەسەڵاتی کارگێڕیش دەستنیشان دەکا. لێرەشدا وەنەبێ هەر قانونی نوسراو بەتەنها ئەو ئەرکە بەجێ بێنێ. زۆرجاران کە قانون دەقاودەق پەیڕەو دەکرێ بارێکی ناڕەوا یاخود نادادی دێنێتە کایە، چونکە رەنگبێ راڤەکردنی دەقی نوسراوی قانونەکە بەگوێرەی بۆچونی دەسەڵاتدارەکە بێ. لێرەدا ئەوەش راستە کە دەسەلاتدارەکە -مەبەست دەسەڵاتی جێبەجێکردنە- دای نەڕشتوە، وەلێ کرداری جێبەجێکردن کە دەسەڵاتی ئاماژەبۆکراو پێی هەڵدەستێ رەنگبێ قانونەکە ناواخنی مەبەستە سەرەکیەکەی لەبار بەرێ، یان ئامێریانە دور لە گیانپێداکردن جێ

بەجێی بکا. بۆیە لەپاڵ هەبونی قانون دەسەڵاتی کارگێڕیی دەبێ پابەندی کۆمەڵە ڕێسایەکی دیکە بێت کە بنەما گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕیی پێ دەگوترێ.

لێرەدا پێویستە پرسی قانون و چۆنیەتی جێبەجێکردنی زیاتر لە گۆشەنیگایەکی ڕۆشنبیری قانونیانە بخەینەڕو؛ بەتایبەتیش کە باس لە دەسەڵاتی کارگێڕیی بکرێ. چونکە کەشی پێگەیاندنی کادرانی بواری کارگێڕیی تەو جیاوازە لەهی بواری دەسەڵاتی دادوەری. هەرچی بواری دادوەرییە ئەوا کادرەکانی بە پەروەردە ورۆشنبیرییەکی تاڕادەیەکی تێروتەسەل بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی قانون تەیار و جۆش کراون. ئەو لایەنە فەرهەنگییە قانونییە ڕێگەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن قیرڕێژ دەکا بۆ گونجاوێتی جێبەجێکردنی. بۆیە لای ئەو توێژە مافناسانە کەمتر چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ لە گیانی قانونەکان لابدەن بە بەراوردکردن لەگەڵ کاربەدەستەکانی کارگێڕیی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە سستمی سێ پێپیلکەییانەی دادوەری-لەبابەتی دادوەرییدا بەدرێژی باسی دێت- وادەکات کە دادوەر لە شرۆڤەکردنی قانوندا هەبەتەنها سەرپشک نەبێ، سەرباری ئەوەش لەهەمان کاتیشدا هاوکات لەگەڵ دەقی قانون پابەندی کۆمەڵێک ڕێسان لەسەرمەشقیانەوە بنەماکانن.

کاتێکیش دامودەزگایەکی کارگێڕی -میریی- لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا لەگەڵ هاوڵاتیاندا قانونی کارگێڕی جێبەجێدەکات، زیاتر ئەو دامودەزگایە یان ئەو فەرمانبەرە دەسەڵاتدارە لەبارێکی وەرگێڕانی دەق بۆ کردە خۆی دەبینێتەوە. بەواتایەکی دیکە کاربەدەستەکە هەڵدەستێ بە گۆڕینی قانون کە خۆی گشتی و ئەبستراکتە –واتە بۆ هەموانە بێ گوێدانە بارودۆخی کەسایەتی- دەیکاتە بڕیارێک بۆ تاک -هاوڵاتی-. بەم کارە هەم تایبەتمەندییە گشتییەکەی نامێنێ هەم ئەبستراکتیەکەشی. ئەوسا سەرکەوتنی ئەو کاربەدەستە لە وەرگێڕانی گیان و خواستی قانونەکە و بەکردارکردنی لەشێوەی بڕیارێکی تایبەت و کەسێتمەندیدا هونەرە. هونەرەکەش هەر تەنها ناگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەر یان قانونەکە خۆی- هەرچەندە هەردولایان ڕۆڵی تایبەتیان تێدایە- بەڵکو بۆ دەست بۆبردنە بنەماکانی

تایبەت بەقانونی گارگێڕیی دەگەڕێتەوە کە ئەوانیش بنەما گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری گارگێڕین. بێگومان لێرەدا کارامەیی بڕیاری فەرمانبەرەکە لەژێر تیشکی قانون بە پێڕەوکردنی بنەما گشتییەکان دەردەکەوێت. خۆ گەر وانەبێت ئەوا هاولاتی بڕیاربەسەردراو یان بڕیاربۆدراو یان بەرژەوەندیدار هانا بۆ هەمان بنەما دەبات تا بەشێوەیەکی رەوا بەگژ بڕیارەکەدا بچێتەوە.

لێرەدا واباشە ئاماژە بە بۆچونێکی قوڵبین بکەین سەبارەت بە بەگژداچونەوەی قانون. هاولاتی ناتوانێ راستەوڕاست بەگژ قانون وەک دەقدا بچێتەوە، چونکە قانونەکە دەربڕی خواستی خۆیەتی- بەگەڕانەوە بۆ باسی نوێنەرایەتیکردن و دەسەلاتی قانوندانان و دیموکراسی و ویستی گەل- بەڵکو لەگژ وەرگێڕانی قانونەکەدا رابچێ، کە لەبۆتەی بڕیاردا (ئەو بڕیارەی راستەوخۆ تایبەتە بەهاولاتی پەیوەندیدار) دارژراوەتەوە. ئەوەش لەسەر بنەمای بنەما گشتییەکانی لێهاتویی بڕیاری کارگێڕیی دەبێ.

لە قوڵبونەوە بە ناخی ئەو باسەدا دو سەرەداوی گرنگمان سەبارەت بە بنەما گشتییەکانی کارگێڕی دەکەوێتە دەست:

یەکەمیان ئەو بنەمایانە دەبنە پێوەر و سەنگی محەکی دروست پەیڕەوکردنی قانون لەلایەن دەسەلاتی بڕیاردەر.

دوهەمیشیان هەر ئەو بنەمایانە دەبنە مایەی بەگژداچونەوەی بڕیارەکە، کەهاولاتی تەقەڵلای هەڵوەشاندنەوەی دەدات. لێبەدەنگهاتنی هاولاتی لە بڕیارەکە و پاشانیش هۆی پوچەڵکردنەوەی بەبڕیارێکی دادوەری تایبەتمەند بە کێشە کارگێڕییەکان هەر لە سۆنگەی بنەماکانەوەیە. ئەوسا کە دادگای تایبەتمەند بڕیارێکی دامودەزگایەکی کارگێڕیی پوچەڵ دەکاتەوە، داوا لەهەمان دامودەزگای بڕیاردەر دەکات بە بڕیاری گۆرینی خۆی دابچێتەوە و بڕیارێکی دیکە دەربکا، بەلام ئەمجارەیان بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی پوچەڵکردنەوە. دادگا خۆی بڕیارێکی نوێ دەرناکا و لەسەر کورسی کارگێڕ دانانیشێ،

بەڵکو چاودێری دەکا؛ چونکە گەر وابکا ئەوا بەپێی بنەمای ناسراوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەبازنەی دەسەڵاتی خۆی دەردەچێ.

بێگومان لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هاوڵاتی لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕیی لەگەڵ پەرەسەندنی فەلسەفەی دەوڵەتی قانون بە واتای قانون و دیموکراسی سەری هەڵداوە یان هەرهیچ نەبێ هەرمێنی پەیدا کردوە. لاریش لەوەنییە کەپێش دەوڵەتی قانون دەسەڵاتەکان هەمویان پاوانی دەستی یەک فەرمانڕەوا بون، ئەویش فەرمانەکان وبڕیارەکانی بەزەبری ئاگروئاسن سەپاندوە. سەرەداوی دیرۆکیانەی ئەو لێکۆڵینەوە لە پێشەوەدا کەوتۆتە بەرباس وخواس.

ئەوەی پەیوەندی بە مێژوی سەرهەڵدانی ئەو بنەمایانەوە هەبێت قسەی لەسەر نییە کە بیروڕای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و چاکەخوازان لە روی هزریەوە بە تایبەتیش لە باسکردنی مافە بنچینەییەکان و گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خواستی نەتەوە هاندەرێکی کەموێنە بوە. وەلێ دەرکەوتنی ئەو کۆمەڵە بنەمایانە لە روی بەکردەکردن واتە گوڕینیان لە گوفتاری کتێب دانەرانەوە بۆ رەفتاری پێوەرئاسا؛ بۆسەر سەکۆی دادگاکان دەگەڕێتەوە.

دادوەرەکان لەکاتی لێکۆڵینەوە لەو سکالانامانە دژی بڕیارە کارگێڕییەکان، هاتونەتە سەر رەنگ ڕشتنێکی بەرچاوی بنەماکان. نابێ ئەوەش لاییلێنەکرێتەوە کە نەخاسمە لەو رەنگ ڕشتنەدا دادوەرەکان دەستیان بۆ هەمبانە بۆرینەی (ئەم دەستەواژەیەم لەناونیشانی فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار وەرگرتوە) بیردۆزە روناکبیرە مافخوازەکان بردوە.

بنەماگشتییەکانی بڕیاری کارگێڕیی لێهاتو

بنەماکان وەک لەپێشەوەش ئاماژەیان پێدراوە، بەشێوەیەکی وانین کە بە دەقاودەقی ژمێردرابن و کۆنوس کرابن، ئیدی لەو ژمارە تێپەڕی بە بنەما دانەنرێن! بەپێچەوانەوە بنەماکان کۆنەکراون و دەرگەی هاتنەپێشەوەی بنەماکان یان ناسینەوە و دۆزینەوەی

بنەماکان لەسەر پشتە. ئەمەش بەپێی پێداویستەکانی ڕۆژانەی جڤات و بەپێی چەسپینی بنەماکانی دەوڵەتی قانون رو لەزیادبون و گۆرانن. ئەرکی دیارکردن و دۆزینەوەش بە پلەی یەکەم بۆ دادوەر دەگەڕێتەوە، چونکە دەبێ ئەو لەبڕیارەکانی خۆیدا دەست بۆ بنەمایەک ببا تاکو بڕیارەکەی پێ هێزدار و مافدار (ڕەوادار) بکا.

ئەو کۆمەڵە بنەمایانەی خوارەوەش گرنگترین و بەرچاوترین بنەمان، بەڵام سەرجەمیان نین.

1- بنەمای لێوردبونەوە (خەمخۆری)

ئەو بنەمایە دەخوازێت دامودەزگای کارگێڕیی لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ دەرکردنی بڕیارێک بەوردی زانیاری بایەخدار لەمەڕ بارودۆخ و هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندیەکانی بابەتی بڕیارەکە کۆبکرێتەوە.

هەر دامودەزگایەکی کارگێڕیی بیەوێ لەسەر بنەمای داواکاری لەلایەن هاوڵاتی یاخود لەسەر هاتنەپێشی پێویستییەک بڕیارێک دەربکا؛ دەبێ لەسەرەتاوە زانیاری تەو لەبارەی بابەتەکەوە کۆبکاتەوە لە گەڵ ئەو بەرژەوەندیانەی کە پێی دێتەجێ هەڵبسەنگێنێ، ئەوسا بڕیار بدا. نابێ بڕیارەکە بە قۆناخی ئامادەکاری تێنەپەرێ.

زۆر جارانیش بڕیارەکە وا پێویست دەکا کە دامودەزگای بڕیاردەر لەگەڵ خودی هاوڵاتی داواکار یان بەرژەوەندیداری پەیوەندیدار لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێ تاکو زانیاری تەو و باری سەرنجی تەوی خۆی پێشکەش بکا بۆ ئەوەی ببێتە کۆڵەگەیەکی پتەو بۆ بڕیارەکە. بەم جۆرە مشوری ئەوە دەخورێ بڕیارەکە بێ ئاگای پەیوەندیدار بەلاڕێکراوی دەربچوێندرێ.

بێجگە لە قسەکردن و دانیشتن لەگەڵ هاوڵاتی بەرژەوەندیدار، زۆر جارانیش وا پێویست دەکا کە دامودەزگای کارگێڕیی بڕیاردەر پێش دەرکردنی بڕیارەکەی، پرس و را بە پسپۆڕ و لێزانێکی بوارەکە بکا. ڕاستە ڕاپۆرتی پسپۆڕ نابێتە مایەی فەرمانبەرداری بۆ

دامودەزگاکە چونکە بەرگی راوێژکارانە دەپۆشێ، وەلێ قۆناخی ئامادەکاریان بۆ رۆشن دەکا. واتە ئەو بەرچاورونیە دەداتە دەست دەسەڵاتی بڕیاردەر کە لەڕاستەڕێی چاوەڕوانکراوی قانونیانەی خۆی لانەدا. لەسەر رۆیشتنی ئەو جۆرە پرسپێکردنانە بۆ ئەوەیە دواتر بڕیارەکەی دەزگا کارگێڕییەکە گۆترەکاری وبەرژەوەندکاری و تاکلایەنی تێ نەکەوێ. زۆرجاران وادەکەوێتەوە کە خۆتەیارکردن و ئامادەکاری بۆ دەرچواندنی بڕیارێک دەربەستی راوەرگرتنی پسپۆڕ و لێزان بێ. بۆنمونە کاتێک بڕیارەکە پەیوەندی بە بارێکی لەشساخی، ژینگەیی، بیناکاری یان هەر بارێکی دیکەی تاکنیکییەوە هەبێت، ئیدی لێرەوەڕا راوێژی پزیشکێک لەباری یەکەم و ئەندازیارێک لەبارەکانی دیکە بایەخدار و رەنگە چارەنوسسازیش بن.

کاتێکیش لەباری پێچەوانەوەوە بڕیارێک بێ رەچاوکردنی ناواخنی بنەمای لێوردبونەوە دەربچێت، ئەوا مایەپوچی خۆی بەخۆیەوە هەڵگرتوە و دادوەریش بە پشتبەستن بەو بنەمایەوە ئەو بڕیارە پوچەڵ دەکاتەوە. ئیدی دەبێت دەزگا کارگێڕیەکە بەبڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە و بڕیارێکی دیکە بەڵام لەبار دەربکا.

دەکرێ ئەم چوارخاڵانەی خوارەوە وا بناسین کە دەبنە مایەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕیی:-

1- گەر هاتو خودی هاوڵاتی پەیوەندیدار بە بڕیارەکە قسەی لەگەڵ نەکرا، واتە هیچ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەلایەنە وردودرشتەکانی بڕیارەکەی لەگەڵ نەکرا؛ لەکاتێکدا کەپێویست بو لەگەڵی بکرابایە، چونکە بەپێی بنەماکە بارودۆخی بابەتی بڕیارەکە ئەوە دەخوازێت کە نابێت یەکلایەنە دامودەزگای کارگێڕی بێتاوتوێکردن لەگەڵ لایەنی دیکەی پەیوەندیدار بڕیاردەربکات.

2- گەر هیج لێکۆڵینەوەیەک نەبوە پێشینەی دەرچونی بڕیارەک، یاخود لێکۆڵینەوەکە کرا بەڵام لێکۆڵینەوەکە کرچوکاڵ بو؛ کەرەسەکانی لێتۆژینەوەکە لەبارنەبون و لێکۆڵینەوەکە روکەشیانە بو.

3- گەر هاتو ڕێگا بە هاوڵاتیە بەرژەوەندیدارەکە نەدرا زیاتر ڕۆشنایی بخاتە سەر داواکەی، واتە کاتێک هاوڵاتیەک داوایەک دەکات دواتر بۆی دەردەکەوێت کەوا پێویست دەکات زانیاری زیاتر بدات و بەڵگەی زیاتر بخاتە بەردەست، لێ دامودەزگای کارگێڕیی گوێی لێناگرێ و یەکسەر بڕیارەکە دەردەکا. ئیدی ئەوبارەش دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە.

4- گەر هاتو بڕیارەکە بەرژەوەندی بڕیاردەرەکەی خستبوە بەر چاو نەک بڕیاربۆدراوەکە. کاتێک کاربەدەستی بڕیاردەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەدەرچواندنی بڕیارەکەدا ڕەچاوکرد، بێئەوەی گوێ لەبەرژەوەندیە ڕاستەقینەکانی هاوڵاتی بگرێت، ئەمەش دژی بنەماکەیە و لەرێگەی دادگاوە دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی.

بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە مەرج نیە هەر چوار خاڵەکە بەیەکەوە کۆببنەوە و بسەلمێنرێن. یەک خاڵ لە خاڵە باسکراوەکان دەربەستی ئەوە دەبێ کە بڕیارەکەی پێهەڵبوەشێنرێتەوە. بڕیاردانیش لەسەر هەڵوەشاندنەوەکە وەک لەپێشەوە هێمای بۆکراوە دەگەڕێتەوە بۆ دادگا، ئەوسا چ دادگای کارگێڕیی بێ یان دادگای ئاسایی(مەدەنی).

2- بنەمای ئامانجدار

هەر بڕیارێکی کارگێریی پێویستە ئامانجێکی ئاشکراو رەوای هەبێ. مەبەست لەنیوە دێڕی یەکەم؛ ئامانجی ئاشکرا ئەوەیە کە بڕیار نابێ بێ ئامانج بێ، بەڵکو دەبێ لە دوتوێی خۆی بەڕاشکاوی مەبەستەکەی خۆی دیاری بکا. لێرەدا مەبەست زیاتر ئەوەیە کە هەم لەلایەک هاوڵاتی دڵنیا بکرێ لەوەی کە بڕیارەکە شتێک لەبەرچاو دەگرێت دەیەوێت بەدیبێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە لە گۆترەکاری و سەرپێیی دوربخاتەوە. هەروەها دەبێ بڕیارەکە ئەو ئامانجەش بپێکی کەبڕیارێکە رایدەگەیەنێت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێی دەزانن. واتە بڕیارێک نیە لەپەناوپەساران و بەدزی درابێ. ئەو مەبەستەش کە بڕیارەکە

دەیەوێ بیگاتێ یان بیپێکێ؛ دەبێت رون و ئاشکرا بێ و نابێ تەماویی و تارمایی لەسەر بێ، تا بەئاسانی هاوڵاتی لێی تێنەگا و پێویست بە راڤەکردنێکی قوڵ بکا. رادەی ئاشکرایەتیەکە و لێتێگەیشتنی بەمرۆڤی ئاسایی تاقیدەکرێتەوە، واتە دەبێ هاوڵاتیەکی ئاسایی بیخوێنێتەوە و لێی تێبگا.

هەروەها دەبێ بڕیارەکە لەپاڵ ئامانجە ئاشکرایەکەی ئەو هۆیانەش رون بکاتەوە کە بونەتە مایەی دەرچونی. بە دەربڕینێکی دیکە دەبێ ئامانجپێکانی بڕیارەکە لەسەر بنەمایەک بێ کە قانونیی بێ. بەو واتایەی کەدەبێ بڕیارەکە ڕاشکاوانە دەسەڵاتی بڕیاردانەکە و ناواخنەکەی بۆ ماددەیەکی قانونی بگەڕێنێتەوە. ئاماژەپێکردنە قانونیەکەش نابێ تارمایی لەسەر بێ و گشتگر بێ بەڵکو دەبێت بەڕونی بێ. بۆنمونە کەبڕیارێکی کارگێڕیی دەردەچێ نابێ دەسەڵاتی بڕیاردەر هەروا لەکۆڵ خۆی بکاتەوە بەوەی بڕیارەکەی بۆ قانونی کارگێڕیی دەگەڕێتەوە بێ دەستنیشانکردنی ماددە قانونیەکە. نەخاسمە گەر هاتو بڕیارەکە لەقۆناخی ئامادەکاریشدا پەنای بردبێتە بەر راپۆرتی پسپۆڕ، ئەوا دەبێ لەشێوەی کۆتایی بڕیارەکەشدا بە راشکاوی هێما بۆ راپۆرتەکە بکا.

ئەو بنەمایە بۆئەوەیە کە رێگربێ لەبەردەم بڕیارێکی بێ ئامانج و ناڕەوادا، هەروەها بۆ دڵنیابونیش لەو ماف و ئەرکانەی کە بڕیارەکە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ. چونکە گەر وانەبێ دامودەزگای کارگێڕیی کەماف و دەسەڵاتی قانون دەرکردنی نیە، دەبێتە قانون دەرکەر. سەلمێنراویشە ئەوە لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی قانون بەتایبەتیش جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یەکناگرێتەوە.

3- بنەمای بێلایەنیی

ئەو بنەمایە دولایەنی هەیە.

<u>یەکەمیان:</u> ئەوەیە کە دەبێ رێگە بەهاوڵاتی بەرژەوەندیدار بدرێ لەسەر مافەکانی خۆی سەبارەت بە بریارە بۆدراوەکە هەڵبداتێ. کاتێک بڕیارێک پەیوەندی بە هاوڵاتیەک دەبێ،

نابێ بڕیارەکە یەکلاکەرەوە بێ، واتە ئیدی بڕیارەو دراوە و دەبێ وەک دەگوترێ بێ منگەمنگ جێبەجێبکرێ. بەڵکو بارەکە تەو بە پێچەوانەوەیە چونکە مافی هاولاتی پەیوەندیدار هەر لە ئامادەکردنی بڕیارەکەوە دەست پێدەکا؛ تاکو لەسەر مافەکانی بێتە وەلام و بەگژ ناڕەواییدا بچێتەوە کە بڕیارەکە دەیهێنێە ئارا.

ئەو لەسەرمافهەڵدانەش لەڕێگەی زانیاری دانەدەست، داوای لێکۆڵینەوە، پسپۆڕبانگکردن و زیاتر رونکردنەوە دەبێت تاکو دامودەزگای کارگێڕیی بڕیارێکی راست و دروست دەربکا. ئەو خاڵە هەندێک پەیوەندی بە بنەمای پێشوتر (وردبینییەوە) هەیە.

<u>دوهەمیان</u>: ئەوەیە کە دەبێ بڕیارەکە بێلایەنانە بێ، نابێ بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی بڕیاردەرەکە لەبەرچاوبگرێت. هەروەها نابێ بەراشکاویەوە ئەوەی پێوە دیاربێ کە بەرژەوەندی فلان هاولاتی لەهەمبەر هاولاتیەکی دیکەدا (بێهۆی رەوا) سەنگینتر راگرتوە. دامودەزگای کارگێڕیی لەسەریەتی بەبێلایەنی سەیری بەرژەوەندی هەموان بکا و بڕیارەکەشی لەژێر رۆشنایی لایەنگیرینەکردندا بێ. گەر وانەکات ئەوا دادوەر زەنگی هەڵوەشاندنەوەی بەدەستە. ئەو لایەنەش بەجۆرێک لەجۆرەکان گرێدراویی بە بنەمای (لێوردبونەوە) هەیە. لێ ئەوە وا ناگەیەنێت کە هەردو بنەمایەکە بکرێنە یەک بنەما. هەر واش باشترە بۆ زیاتر تەتەڵەکردن و دڵنیابون لە رێکورەوانی بریاری کارگێڕ لەچەند لایەکەوە لەسەنگی محەک بدرێت.

4- بنەمای سنوردار - Detournement de Pouvoir

ناوەرۆکی ئەو بنەمایە ئەوە دەخوازێ کە نابێ دامودەزگای کارگێڕ دەسەلاتی خۆی بۆ مەبەستێکی دی بەکاربهێنێ لەوەی کە بۆی دیاریکراوە. واتە ئەوە لە دەزگای کارگێڕ چاوەڕوان دەکرێ کە دەسەلاتەکەی لەشێوەی بڕیار بۆ ئامانجێک بەکاربێنێ کە سنوری دەسەلاتی بۆ کێشراوە، بەلام گەرهاتو دەسەلاتە پێدراوەکەی بۆ هەر مەبەستێکی دیکە تەرخان کرد، بەدەر لەوەی لەبەر دەستیدایە؛ ئەوا بە لەرێلادان بۆی دەژمێردرێ و

لەڕێی دادگاشەوە بڕیارەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە. ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی دەکەونە بن ڕەوایەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەمایە لەژمارەدا کەمن، چونکە کەبڕیارێکی کارگێڕیی دەردەچێ بە پێواژۆی تایبەتیانەی خۆیدا دەڕوا. هەروها تیشکی بنەمای دیکەش وەک کۆکردنەوەی زانیاری تەو، پێناسەکردنی مەبەستەکەی و پەناگەی قانونیی دەبنە چاودێر بەسەریدا؛ کەتا رادەیەکی باش دەبنە لەمپەر لەهەمبەر لاڕێبوندا. بەڵام لەگەل ئەوەشدا جاری واهەیە باری پێشێلکاری هەر دێتە گۆڕێ. بۆ زیاتر بەدواداچون و رونکردنەوەش دەکرێ سود لەو نمونەی خوارەوە وەربگرین:

شارەوانی بەباندۆری لەشساخی و رێکوپێکی و جوانڕاگرتنی شار و ژینگەپاراستن بڕیار دەدات کەشوێنی فیتەری (فلان) لە(فلان)ە شەقام بۆ ناوچەی پیشەسازی ، کە هەمو سازکاریەکی بۆکراوە بگوازێتەوە، لێ کابرای خاوەن شوێنەکە رازی نابێ و نایگوازێتەوە. ئیدی بۆ گوشار خستنەسەر خاوەن شوێنەکە، شارەوانی بە بڕیارێک هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل بۆ شەقامی ناوبراو قەدەخە دەکا؛ بەو مەبەستەی کابرای خاوەن کار پەکی بکەوێ و دواتر مل بداوبگوازێتەوە. لێرەدا خودی بریاری گواستنەوەی شوێنی فیتەریی بۆ ناوچەی تەرخانکراو رەخنەی لێناگیرێ، بەڵام بڕیاری دواتر کە هاتوجۆ لەشەقامەکە قەدەخە دەکا بڕیارێکی ناڕەوا و نابەجێیە. چونکە دەسەڵاتەکە بۆ گواستنەوەی فیتەرخانەکە رێپێدراوە نەک بۆ قەدەخەکردنی هاتوچۆی شەقامی ناوبراو. لێرەدا هاوڵاتی دیکە کە لە کێشەدا بەشدار نین زیانمەند دەبن. بەمجۆرە دەسەڵاتەکە خراپ و بۆ مەبەستێکی دیکەی بەدەر لە مەبەستە سەرەکیەکە بەکار هاتوە. بۆیە دەبێ لەسۆنگەی ئەو بنەمایەوە بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.

خۆگەر بەوردی لەو بنەمایە وردبینەوە، دەبیبین ماکی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە نەک هەر خۆی لەو بنەمایە دەبیبێتەوە بەڵکو باس و خواسی بنەمای ڕەوایەتیش بەزەقی دێتەگۆڕێ. چونکە بە کامە رێپێدانێکی قانونیانە (وەک لەنمونەی سەرەوەدا هاتوە) دامودەزگای کارگێڕی فلانە شەقام لە هاتوچۆی چوارتایە -ئۆتۆمۆبێل- قەدەخە دەکا.

بنەمای باسکراو بەکردەوە سنور بۆ کایەی دەسەڵاتی کارگێڕیی دادەنێ.

5- بنەمای راستەوانە

ناواخنی ئەو بنەمایە ئەوەیە کە نابێ کاریگەری بڕیاری کارگێڕیی پێچەوانەبێ لەگەڵ بەرژەوەندی راستەوخۆی پەیوەندیدارەکان. بەواتایەکی دیکە ئەو بڕیارەی بۆ هێنانەکایەی مەبەستێک دەدرێ، نابێ ببێتە مایەی ئەوەی کە لە بەرژەوەندی کەسانێک بدا یان ئەو کەمە زیانەی کە دەیگەیەنێ لاسەنگتر بێ لە هێنانەدی ئەو مەرامەی کە بڕیارەکەی بۆ تەرخان کراوە. بۆیە دەبێ بڕیاری کارگێڕیی بەرژەوەندی پەیوەندیدارەکان لەبەرچاوبگرێ.

هەر ئەم بنەمایە دەبێتە مایەی هێنانە کایەی رێسایەکی دیکە ،ئەویش رێسای قەرەبوکردنە. واتە گەر هاتو دامودەزگای میریی بڕیارێکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک دەرکرد، کەچی لەهەمان کاتدا بڕیارە دەرچوەکە زیانی لێکەوتەوە یاخود زیانەکەی زۆرتر بو لەچاو ئەو بەرژەوەندیەی رەچاوی کردبو، بەمە دەبێ دەسەڵاتی کارگێڕیی چارەسەری گرفتەکە بکا و نابێ وەک دەگوترێ وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت، چونکە میریی بڕیارەکەی دەرکردوە ئیدی زیانیشی لێبکەوێتەوە قەیناکا! لەو بارە پێشێلکاریەدا پرسەکە بەبۆبژاردنی زیان بۆ زیان لێکەوتوان چارەسەر دەکرێت و میرییش دەبێ فەرمانبەرداری بنەمای زیان بۆبژاردن بێ. لەکاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە لەرێی دادگاوە زیانەکە بسڕێتەوە ئەوا لێرەدا زیان بۆبژاردن هیچ واتای نامێنێ. وەلێ گەر وانەکەوتەوە، واتە هەڵواشندنەوەی بڕیارەکە شوێنەواری زیانەکەی پێ نەسڕایەوە ئەوا بنەمای قەرەبوکردن لەبەردەم دەزگای گارگێڕیدا قیت دەبێتەوە.

بەچەسپاندنی ئەو بنەمایە پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە دەبێ دامودەزگای کارگێریی بەتەوی بەرژەوەندیەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵبسەنگێنێ و بیاننرخێنی لە دەرکردنی بڕیاری کارگێڕییدا. سەبارەت بەو بنەمایە پێویستە دیسان ئەوە بگوترێ کە

بنەمایەکە تەو سەربەخۆ نیە و پەیوەندیی و گرێدراویی بە بنەماکانی دیکەوە هەیە یان لەهەندی سەرەداودا لەگەڵیاندا کۆک دەبێ. بە بێگومانیش ئەمە سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە بنەماکان بەیەکەوە گرێدراون و بەیەکەوە کارانگازێتی لەسەر بڕیاری کارگێڕی تۆکمەتر دەکەن. هەر بۆیەشە وا ئاسان نیە خوێنەر بێ بەتەوی رەش و سپی بنەماکان لەیەک جیابکاتەوە و خانەخانەیان بکات.

ئەو لەیەک نزیکیەی بنەماکان لەوەوە بناوانی گرتوە کە یەک ئاکامیان داخوازە، ئەویش لەبەرچاو گرتن و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی هاولاتیان و لەسەنگدانی بڕیاری کارگێڕیی بە محەکی رێک و رەوایەتی. هەر ئەوەشە وادەکا زۆرجاران جۆرێک لە دوبارەبونەوەی هەندێ خاڵی سەرەکی و ناسەرەکی؛ چ وەک شیتەڵکردنی بنەماکان؛ چ وەک ئاماژەی پەیوەندیداریان بەیەکەوە یان بەگشتی لەلێکۆڵینەوە و چونە بنجوبناوانی باس و لاباسەکانی بنەماکان؛ بگرە خودی کۆڵەگەکانی دەوڵەتی قانونیش بێتە گۆڕێ. رەنگبێ جاری وا خوێنەر توشی جۆرە هەراسانی و ساردیەک بکا لەبەردەوام بون لەسەر خوێندنەوەی ئەو جۆرە لەیەک نزیکیەی بابەتەکان و دوبارەبونەوەی هەندێ روی بابەتەکان، لێ گەر وردی تێبڕوانین، تایبەتمەندیەکانی بابەتەکە خۆی ئەمە دەخوازێ. قسەشی لەسەر نیە کە ئەو جۆرە شێوازەش لەراژەی باشتر رونکردنەوە و لێتێگەیشتنی بابەتەکەدایە.

6- بنەمای دڵنیابون

بە گوێرەی ئەو بنەمایە دەبێ بڕیاری کارگێڕی ئاشکراورون و بێ پەردەبێ، هیچ گومانێک نەهێڵێتەوە و تارمایی لەسەر نەبێ. بڕیارەکە بەشێوەیەک بێت هاولاتی ئاسایی لێتێبگا و پێویستی بەراڤەکردنێکی قوڵنەبێ و مایەی جێبەجێکردنیش بێ. ئەوەش هەموی لەپێناوی ئەوەدایە کە هاولاتی پەیوەندیدار لە ئەرک و مافەکانیدا دڵنیابێ و گومانی لاپەیدا نەبێ. هەر بنەمایەکەشە ئەوە دەخوازێ کە نابێ هێزوتاوی جێبەجێکردنی بڕیارەکە بۆ

دوه بگەڕێتەوە و لایەنی پەیوەندیدارەکەی پێ زیانمەندببێ. مەبەست لە بەرەودوە نەگەڕانەوی هێزی جێبەجێکردنی بڕیار ئەوەیە کە نابێ بڕیارەکە ئەو کردە و چالاکیانەی هاولاتی بگرێتەوە کە پێش دەرچونی بڕیارەکە لەئارادابون. بۆ نمونە بڕیاری ڕێپێدان یان ڕێپێنەدان نابێ لەبەرواری دەرچونی بڕیارەکە زیاتر کاریگەری قانونیی بۆ پێشتر هەبێ. چونکە بڕیارەکان نابێ کاتی جێبەجێکردنیان هەرو بەبێ هۆی قانونیی بۆ وادەیەک پێش بەرواری دەرچونی بڕیارەکە بگەڕێنرێنەوە. بڕیارەکە لەو کاتەوە جێبەجێدەکرێت کە مێژوی دەرچونی لەسەر بێ یان مێژویەکی دیکە بەلام نەچێتە خانەی رابردو بەلکو ئایندە. دەشکرێ بڕیارەکە ئەمڕۆ دەرچوبێ بەلام ناواخنی جێ بەجێکردنەکەی بۆ دوێنێ و پێر (رابردو) بگەڕێتەوە بەلام بە مەرجێک زیان بەپەییوەندیدارەکان نەگەیەنێ. ئەو ریزپەڕیە لە نەگەڕانەوەی هێزی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕیی رەها نییە بەلکو بەدو مەرج بەندە:-

1- وەک لەپێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە نابێ زیان بە هاولاتی پەیوەندیدار بگەیەنێ.

2- بارودۆخ و بەرژەوەندی گشتی وابخوازێ، بەلام دەبێت هاوکات بێ لەگەڵ پرسی قەرەبوکردن. چونکە لەوانەیە پەیڕەوکردنی بڕیارەکە زیانی لێبکەوێتەوە.

بەدەر لەو دو بارە گەر بڕیارەکە وا داڕێژرابێ کە هێزی جێ بەجێکردنی بۆ دوە بگەڕێتەوە ئەوا خۆی لەرێی دادگاوە هەلگری هۆکاری هەلوەشاندنەوەی خۆیەتی.

بنەمای نەگەڕانەوەی هێزی قانونیی بۆ دوە زۆر بەزەقی لە قانونی سزاداندا دێتەپێش. لە قانونی سزاداندا ئەو بنەمایە دەمێکە بۆتە پێگەیەکی بنەڕەتی بۆ بەرسڤی پرسی تاوانبارکردن و سزاداندا. بابەتەکە لەبەر ئەوەی ئێرە جێگەی نیە بۆیە زیاتر لەسەری ناڕۆین.

بنەماکە لەسۆنگەی ئەوەی رون وئاشکراو نەگەڕاوەیە بۆ دوە، دەبێ بەباری راست و دروستیشدا جێبەجێبکرێ واتە بەشێوەیەکی رەوا نەک بەگوترەکاری و بەدەر لە چوارچێوەی قانون و بەزۆر سەپاندن.

7- بنەمای متمانە

ئەو بنەمایەش ئەوە دەخوازێت کە دەبێ دەزگای کارگێڕیی چاوەڕوانی هاوڵاتی پەیوەندیدار کە لەلایەن خودی دەزگاکەوە وروژێنراوە لەبەرچاوبگرێ و بینرخێنێ.

کاتێک دامودەزگایەکی کارگێڕیی جۆرە مۆڵەتێک (کاتی، بەڵێنێک یان چاولێپۆشینێک) بە هاوڵاتیەک سەبارەت بەداخوازیەکەی دەدا، ئیدی هاوڵاتیەکە لەسایەی ئەو جۆرە "بۆرە" بۆسەلماندنەدا کاری خۆی درێژە پێدەدا و متمانە بە بڕیاری کارگێڕیی پەیدادەکا. دواتر نابێ هەمان دەزگای کارگێڕیی بێ و بەئاسانی بەهەر بیانویەک بێ لەوەی پێشوی پەشیمان بێتەوەوە وبڕیارێکی دیکەی نوێ دەربکا، تەو ئاوەژوکردنەوەی باری پێشو بێ.

لەو بارەدا هاوڵاتی کە متمانەی بە دامودەزگای میریی پەیدا کردوە (لەراستیدا دامودەزگاکە بە رەفتاری خۆی وایکردوە هاوڵاتی بڕو متمانە بە بڕیارەکانی پەیدا بکا، بۆیە لێرەدا هەمو ئۆباڵێکی قانونیی لەڕوی رەوایەتی‌پێدان بە کاری هاوڵاتی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی نەک هی هاوڵاتی) لەدەست دەدا. لەئاکامی بریارە نوێیەکەشدا هەر هاوڵاتیە پەیوەندیدارەکە زیانمەند دەبێ. بۆیە لە دادگادا بەپشت بەستن بەو بنەمایەوە بڕیاری قەرەبوکردن دەدرێ؛ گەر لەپاڵیشیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری بڕیارەکە نەدرێ.

ئەو نمونەیەی خوارەوە رەنگبێ بنەماکە زێدەتر رونبکاتەوە:

شارەوانی شارێک لەسەر داخوازی هاوڵاتیەک کە دەیەوێ چێشتخانەیەک لە سنوری شارەوانیەکە دابمەزرێنێ، سەرپێیی رازی دەبێ و بەڵگەی رازی بونەکەش دەداتە دەست. لەو ماوەیەدا هاوڵاتیەکە هەرچی پێویستی چێشتخانەکەیە بە خانو تەوی کەلوپەلەکانی ئامادەدەکات و بەشاگردەوە و دەکەوێتە کار. پاش ماوەیەک لەکارڕۆیشتنی چێشتخانەکە شارەوانی بە بڕیارەکەی خۆیدا دادەچێتەوە و دێتەسەر ئەو بڕوایە کە دەبێ بڕیارێکی دیکە دەربکا ومۆڵەتی پێشینەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. لێرەدا هەرچەندە خاوەن

چێشتخانەکە سەرەتا بڕیارێکی هەمیشەیی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتبو بەڵام لە بیناکردن و هێنانی کەلوپەل و شاگرد و ئیشکردنیدا هیچ ناڕەزایی و کۆسپی لەلایەن شارەوانیەوە بۆ دروست نەبوبو، بۆیە متمانەی پەیدا کردبو، ناکرێ هەروا بەئاسانی بچێتە ژێر باری بڕیارە نوێیەکە چونکە بەهۆیەوە هەم خۆی هەم شاگردەکانی زیانیان پێدەکەوێ. بۆیە بەرێگەی دادگا و بەپشت بەستن بە بنەمای دڵنیابونەوە داوای ناڕەوایەتی بڕیاری دوهەمی دامودەزگای کارگێڕیی دەکا لەگەڵ قەرەبوکردن، دادوەریش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدا. ئەوەش ئەوە دەخوازێ کە شارەوانی (هەر دەزگایەکی میریی) دەبێ زۆر وشیار بێ لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ دەرچواندنی بڕیارێک بەوەی هەمو لایەکی بابەتەکە لێک بداتەوەوە و شڵۆقی نەکەوێتە شێوازی ڕەوایەتی دەرکرن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی.

جێگەی خۆیەتی بگوترێ دەست پێوەگرتنی ئەو بنەمایە کارێکی زۆر ئاسان نیە، چونکە چۆنیەتی وروژاندنی چاوەڕوانیەکە ڕۆڵێکی کارا دەبینێ لەبریاردان لەسەر لەخۆگرتنی بنەمایەکە یان نا. گەر هاتو چاوەڕوانیەکە لە سەر بنەمای بڕیارێکی (کاتی) نوسراو بێ، ئەوا بەهێزترە لەوەی بڕیارێکی سەرزاربێ. هەروها گەربێ و بڕیارەکە لەلایەن فەرمانبەرێکی کاردار بێ سەلمێنەرترە لە بڕیاری فەرمانبەرێکی دیکە.

زۆریش وایە دەستبردن بۆ ئەو بنەمایە زیاتر لەوبارەدا زەقتر دێتەپێش کە لەئەنجامی بڕیاری دوهەمی دەزگای میریی زیان بە بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتی بکەوێ. هەر لەسۆنگەی زیانەکەشەوە دادوەر پەنجە بۆ ئەو بنەمایە درێژ دەکا و دەیکاتە پاڵپشتی بڕیارەکەی.

8- بنەمای یەکسانیی _ وەک یەک بون_

جارێ پێش ئەوەی لەو بنەمایە بدوێین، پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەو بنەمایە دیارترین و باوترین وبڵاوترین بنەمایە نەک هەر لەنێو دەقە قانونیەکاندا بەڵکو لەنێو ڕێساکانی رەوشت و نەریت و دینەکانیشدا.

بەڵگەنامە نێودەڵەتیەکان چ ئەوانەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باس لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن، سەرمەشقی ماددەکانیان داڕێژتنی بنەمای یەکسانێتیین. هەر لەبەر پڕ بایەخیەکەشیەتی دەستوری وڵاتە سستەم دیموکراسیەکان لەدیباجەو بەرایی مادەکانیان رەنگڕێژیان کردون.

ئەوەی وای کردوە بنەمایەکە بەگشتی وا باو و پەسند بێت، سروشتی بنەماکە خۆیەتی. بنەمایەکە بیرۆکەی دادپەروەریە بەوەی خەڵک بەیەک چاو و بێجیاوازی تەماشابکرێ و سەودای لەگەڵدا بکرێ. لایەنە دادپەروەریەکە هۆیەکە؛ هۆیەکەی دیکەش ئەویە کە بنەمایەکە بەتەوی و سەرتاپایی لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسند کراوە و کۆمەڵ پێویستی پێ هەبوە و هەیە. چونکە گەر لەلایەن جڤاتەوە بەو یەکانگیرییە پەسند نەکرابا ئەوا بەردەوامێتی بەیەکەوە ژیان وپێشکەوتنی کۆمەڵ دەکەوتە بەر گەفی لەباریەکترازان و لەیەکدابڕان، ئەویش بەهۆی جیاوازی نێوان چین و توێژەکانی. مێژوش گەواهیدەرێکی سەلمێنەرە بۆ پرسەکە. هەروها خودی سروشتی مرۆڤایەتی مرۆڤیش رۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە و دەیگێڕێت لەو دەستپێوەگرتنەی بنەماکە.

بێجگە لەوەش نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە بنەماکە بنەمایەکی بەردەست و ئاسانە لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵناگرێت، لەسەرێکی دیکەشەوە کردەییە واتە بەئاسانی توانای جێبەجێکردنی هەیە. لێرەدا ئەوە دەکەوێتە بەردەست کە سەرپێچی لەو بنەمایە زۆر ناجۆر دەبێ؛ شوێنەوارەکانی بەرونی دیاردەکەون چونکە زەقاوزەق ئاوەژوکردنەوەی رەوشی مافخوازانەی مرۆڤە.

خۆ گەر هەر سەرپێیش بێ لاپەڕەکانی رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ هەڵدەینەوە بەڕاشکاوی راستی ئاماژەبۆکراومان دەکەوێتە بەردەست، هەر

بۆنمونەش بنوارە ماددەی یەکەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ماددەی دوهەم (بنەماکانی) بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بڕگەی دوهەم لەماددەی سێهەمی ڕێکەوتننامەی دروستکردنی یەکێتی کۆمەڵگەی ئاوروپایی لە 1957، ماددەی 20 ەمی ڕێکەوتننامەی ئاوروپایی بۆ مافەبنەڕەتیەکان، ماددەی دوهەمی پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافەکانی مەدەنیی و رامیاریی ساڵی 1966، ماددەی دوهەم وسێهەمی هەمان ڕێکەوتننامە بۆ مافەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، ماددەی پێنجەمی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دژی جیاوازخوازی رەگەزی ساڵی 1966، ماددەی هەشتەمی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی دژی جیاوازکردنەوەی ژنان ساڵی 1979وهتد...

ئەوەی لەباسی بنەما گشتییەکانی کارگێڕیشە هەر هەمان بنەمای ناسراوە، بەڵام ئاخنراوەتە نێو بازنەی جموجۆڵی کارگێڕیی و بەرگە گشتییەکەی لەبەر داکەندراوە و پێناسەی خۆی دراوەتێ؛ بەوەی بارە وەک یەکەکان دەبێت وەک یەک سەودایان لەگەڵ بکرێ.

هەرچەندە ئەو بنەمایە لەیەکەم خوێندنەوەیدا زۆر بەئاسانی دێتەبەر دەست، رەنگبێ ئەو سەرنجە لەلای خوێنەریش دروست بکا بەوەی گەر هاوڵاتی دوای مافخوران و نارەوایەتی لەگەڵکرانی یەکسەر بتوانێ بەپشت بەستن بەو بنەمایە داوای مافی خۆی لەدادگا بکاو دادگاش بڕیاری دەزگای کارگێڕیی هەڵبوەشێنێتەوە. کەچی لەڕاستیدا بارەکە بەو شێوە سانایە و سادەییە ناشکێتەوە. چونکە زۆر کەم وایە دو کەس یان چەند کەسێک بارودۆخیان لەبەردەم دامودەزگای میرییدا دەقاودەق وەک یەک بێ، تاکو وەک یەک تەماشایان بکرێ و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەوەی بڕیاری کارگێڕیی لەناوەڕۆکی بنەمای یەکسانێتی دەخوازێ ئەوەیە کە بۆ نمونە دو کەس یان زیاتر داوایەک لەدەزگایەکی کارگێڕیی دەکەن کە لەهەمو بارێکەوە یەکسان و لەیەکچوبن. گەر هاتو داواکەیان لەبارودۆخێکی هاوچەشندا نەبێت، ئەواناکەوێتە بەر فەرمانی بنەماکە. وەلێ گەر هاتو بارەکە وەک یەک بو ئەوا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە ئاسانتر دەبێ

لەچاو بنەماکانی دیکە، چونکە کایەی سەلماندن و بەدواداچونی لەوانی دیکە ئاسانترە. دودڵنەبونیش بۆ دەستپێوەگرتنی بەردەستترە لەبەرامبەر بنەماکانی دیکەی ناوهاتودا.

دادگا و بنەما گشتییەکانی کارگێڕیی لێهاتو

لە چوارچێوەی بابەتی دادگا، سەبارەت بە کێشە کارگێڕییەکان دو شێواز هەن.

یەکەمیان: ئەوەیە کە لە فەڕەنسادا هەیە. لەو وڵاتەدا هەرچی کێشە و پرسی کارگێڕییە دادگای تایبەتی خۆی هەیە کە مەبەست دادگای کارگێڕییە. بەو جۆرە لەباری ریزپەڕ و دەرچون لە ناواخنی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە بواری دەسەڵاتی کارگێڕیەوە نەبێ هاوڵاتی ناتوانێ سکاڵانامەی خۆی بۆ دادگای ئاسایی (مەدەنی) بەرز بکاتەوە، گەر هاتو سکاڵانامەکەشی بەرز کردەوەوە ئەوا دادگای مەدەنی دەسەڵاتی نیە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەئاستدا دەربکا.

دوهەمیشیان: وەک ئەو سیستمەی لە وڵاتەکانی ئاڵمان، هۆڵەند و بەلژیک جۆرە تێکەڵاویەکە لەنێوان دەسەڵاتەکانی دادگای کارگێڕیی و دادگای مەدەنیدا هەیە. تێکەڵاویەکە قانون سنورەکانی بۆ کێشاوە. ئاقاری نواڕینی کێشەکان بەوەدا دەشکێتەوە گەر هاتو قانون بەڕاشکاوی ئاماژەی بۆ دادگای کارگێڕیی کردبو ئەوا کێشەکە دەبردرێ بۆ ئەوێ و دادگای مەدەنیی بڕیاری ئەوە دەدات کە دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ. گەر قانونیش ئاماژەی بۆ نەکردبو ئەوا کێشەکە لە دادگای مەدەنی چارەسەر دەکرێ هەرچەندە پرسەکەش هی کایەی دەسەڵاتی کارگێڕیی بێ. بەڵام لەهەمو بارێکدا گەر بابەتەکە رون وئاشکرا نەبو، هاوڵاتی دەتوانێ رو لە دادگای ئاسایی بکا. بێجگە لەوەش دەبێ ئەوە بگوترێ کە دادگای کارگێڕیی لەهەندێ بواردا لەسەر پرسێک بڕیاری کارگێڕی خۆی دەدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕیی یان نا، هاوڵاتی دەتوانێت لەهەمان کاتدا لە دەرگای دادگای مەدەنیی بدا بۆ قەرەبوکردنی زیانەکانی گەر هاتو

بڕیاری کارگێڕیی لەگەل خۆیدا زیانی بە هاولاتیەکە گەیاندبو. دادگای مەدەنیی بڕیارەکەی لەسەر بنەمای بنەمای بێ دادی (نادادپەروەری) دەردەکا.

بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەو تێکچرژاویەی لە باسەکەدا هەیە وا باشترە بڕگەیەکی دیکەشی لەسەر باس بکەین، بەتایبەتی دۆزی دوانەیی دادگاکردنی بڕیارێکی کارگێڕیی.

هەرچەندە لە سستمی قانونیانەی فەڕەنسادا کێشە پەیوەندیدارەکان بە باری کارگێڕیی بۆ دادگای کارگێڕیی پاوان کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاوانکردنەکە بەتەوی رەها نیە، چونکە لە هەندێ باردا دەبێ دادگای کارگێڕیی گۆڕەپان بۆ دادگای ئاسایی چۆڵ بکات، هەرچەندە دۆزەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە دەرچەکرداری کارگێڕیشەوە هەبێت. بارەکان ئەمانەی خوارەوەن:

1- گەر هاتو کێشەی نێوان هاولاتی و دامودەزگای کارگێڕیی خانەبەندی قانونی تایبەتیی بو نەک قانونی گشتیی.

2- گەر هاتو وەک لەباری سستمەکانی دیکەی قانونیی چەشنی ئالْمان، هۆلەند و بەلژیک پرسی زیان لێکەوتن و قەرەبوکردن لەگۆڕێدابو.

3- هەرچەندە کێشەکە لەنێو کایەی قانونی گشتیی دابێ بەڵام بە قانونێکی تایبەت دەسەلاتی بڕیاردان و یەکلاکردنەوە بداتە دەست دادگای ئاسایی.

بەدەر لەو سێ بارە کایەی بڕیاردان و یەکلاکرنەوەی کێشە کارگێڕییەکان لە فەڕەنسادا لەسەر دادگای کارگێڕیی پاوانە.

تێبینیەک لەسەر خالْی یەکەم شایانی درکاندنە ئەویش، رێسایەکی گشتییە کە زۆربەی سستمە قانونییەکان لەسەری دەڕۆن ئەوەیە کە هەر کێشەیەک بکەوێتە خانەی قانونی تایبەت، بالایەکی کێشەکەش دام و دەزگای کارگێڕی بێ ئەوا بەپێی قانونی تایبەت و دادگای ئاسایی لێی دەکۆلْرێتەوە و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لێ دەدرێ. واهاتنی ئەو بارە گشتیەش راستەوخۆ بەدو دوتابونی قانون _گشتی وتایبەت_ گرێدراوە.

هەرچی سستمی قانونیانەی بەریتانیاشە تەو پێچەوانەی هی فەڕەنسایە. لە یەکێتی شانشینی بەریتانیدا دادگای ئاسایی باڵادەستە بەسەر تەوی کێشەکان تا ئەو کێشانەش کە تایەکیان دامودەزگای کارگێڕیی بێت. هەرچەندە هەندێ شێوەی دادگای کارگێڕیی لەو وڵاتەدا هەن، وەلێ بڕیاری ئەو دادگایانەش دەکرێ دادگای ئاسایی چاویان پێدا بخشێنێتەوە، بەم جۆرە دەسەڵاتی یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەر بۆ دادگای ئاسایی دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە کاروباری دەسەڵاتی کارگێڕیی بەهەمو لایەنەکانی بە وردودرشتی لەدوتوێی قانوندا دانەڕێژراوە، ئەوەش وا ناگەیەنێ کەقانونی کارگێڕیی هە لەگۆڕێدا نەبێ. بەڵام لەسۆنگەی بەرفراوانی کردە و چالاکی دەسەڵاتی ناوبراو ناتوانرێ سەرلەبەری کار و پێشهاتی کردەکان رەچاوبکرێن تا لەچوارچێوەی قانوندا دەقنوس بکرێن. چونکە بڕیارەکانی کارگێڕیی بەپێی ئەوەی بڕیاری گرێدراو بەکات و بارودۆخی رۆژن و وێنابونی گشتاندن وئەبستراکتیان پێوە نییە، بۆ تاکی هاوڵاتی وەک کەسێکی ناسراو لەژینگە (دەوروبەرێکی) دیاریکراوە و بۆ هەموان نییە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە قانونییە شرۆڤەکردنی قانونەکان و ڕێنماییەکان وەک کۆنوسێکی رونکرنەوەی قانونەکان دەبنە مایەی پڕکردنەوەی کەلێنەکە. بەڵام ئەمە ئەو واتایە ناداتەدەستەوە کە پابەندبونی دامودەزگای کارگێڕیی بە دەقی قانون لاواز بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دامودەزگای میریی دەبێ سەرلەبەری فەرمانبەردای قانون بێ. گەر وانەکا دادگا لەسەر پێیە بڕیارەکانی هەڵبوەشێنێتەوە. بۆنمونە کە هاوڵاتیەک سکاڵایەک لەمەر بڕیارێکی دەزگایەکی کارگێڕیی بۆ دادگا بەرز بکاتەوە، یەکەمین کردەوە کە دادوەر پێی هەڵدەستێت و تاقیدەکاتەوە پرسی رەوایەتییە. واتە تاچەند بڕیاری کارگێڕی تیشکی قانونیی لەسەرە، ئەنجا دوای ئەوە دادوەر دەچێتە سەر بەدواداچونی بنەماکانی دیکە.

سیاسەتی چاوپۆشین

دامودەزگای کارگێڕیی بەپێی دەسەڵاتی ئاساییانەی خۆی بۆ جێبەجێکردنی قانونەکان؛ لەگەڵ خۆشیدا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە سەرپێچیکار لە ڕێساکانی بەجۆرێک لەجۆرەکان سزا بدا. ئاشکراشە سزاش سێ ئامانجی سەرەکی خۆی هەیە:

1- سزادانی سەرپێچیکار هیوای ئەوەی لێدەکرێ کە سەرپێچیکار چیدی لاساری لەبەرامبەر قانوندا نەکا.

2- سزادانی سەرپێچیکار هیوای ئەوەی لێدەکرێ ببێتە مایەی تۆقاندنێک بۆ کەسانی دیکە. بەکورتی ببێتە پەند بۆ کەسانێک کە بیانەوێت سەرپێچی بکەن.

3- سزادان ببێتە مایەی ڕاستکردنەوەی بارە سەرپێچیلێکراوەکە و گەڕانەوەی بۆ پێش دەمی سەرپێچیکردنەکە. بەمجۆرە سزادانە دەگوترێ سزادانی ڕاستکردنەوە. بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەر سزادان بارە خوارەکەی پێڕاست نەکرێتەوە ئەوا دەبێتە سزادانی تۆڵەلێکردنەوە کە ئێشپێگەیاندنی لێدەکەوێتەوە؛ ئەوسا ئێشەکە چ جەستەیی بێت وەک بەندکردن یاخود دارایی وەک ناچارکردن بە دانی سزایەکی ماددی (پێبژاردنی بڕێک لەپارە).

فەلسەفەی سزادان زیاتر لەبابەتی قانونی سزادان بە گوڕوتینەوە دێتەپێش، چونکە ناو و ناواخنی قانونەکەی لەسەر بەندە.

هەرچی دەربارەی قانونی کارگێڕییشە ئەوا دیسان پرسی سزادان دێتە گۆڕێ، بەڵام بەبارێکی سوکتر. ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆیان هەیە لەسنوری جوگرافیی و فرمانی خۆیاندا لەکاتی پێشێلکردنی قانونو ڕێساکانی کارگێڕییدا بەپێی دەسەڵاتی تەرخانکراویان سەرپێچیکاران لەهاوڵاتیان سزابدەن. بەڵام نابێت جۆری سزاکانیان لەگەڵ سزای دادوەری سزادانادا تێکبکاتەوە، چونکە مرۆڤ بە تاوانێک تەنها جارێک سزا دەدرێت.

بەڵام گەربێت و کەسی سەرپێچیکار لەلایەن دادگای سزادانەوە جۆرە سزایەکی ئێشپێگەیاندنی درا ئەوا بۆ دامودەزگای کارگێڕیی هەیە هەمان سزادراو بە سزای جۆری

راستکردنەوە وەک لەخاڵی چوارەمدا هاتوە سزا بدات، چونکە لەوکاتەدا ئامانجی سزایەکان ناچنە نێو یەک بۆتەوە.

لەهەر کردار و رەفتارێکی دامودەزگای کارگێڕییدا دەبێ بگەڕێینەوە سەر بنەمای رەوایەتی (بە تێهەلکێشکردنی بنەما گشتیەکانیی کارگێڕیی لێهاتو). بەچڕوپڕی سەروەری قانون لە هەمو بارێکدا دەبێت بپارێزرێ. بێگومان لێرەدا ئێمە قسەمان لەسەر دەوڵەتی قانونە، چونکە لەدەوڵەتی ناقانوندا هەمو شتێک بەبارە ئاوەژوکراوەکەیدا دەشکێتەوە.

لەو خاڵەوە دێمەسەر ناونیشانی سەرەوە، کە ئەو دێڕانەمان بۆ تەرخانکردوە ئەویش بابەتی چاوپۆشینە.

لەدەوڵەتی قانونیشدا ئەو دۆزە دێتە گۆڕێ بەڵام بەبارێکی جیاوازدا. مەبەست لەسیاسەتی چاوپۆشین ئەوەیە کە دامودەزگای کارگێڕیی بەزانیاریی و ئەنقەست چاوی لە پەیڕەونەکردنی دەقاودەقانەی ڕێسایەکی قانونیانە بپۆشێت. لەم بارەدا کارگێڕ ئاگای لە پێشێلکاریەکانە بەڵام زۆر بەهەندی هەڵناگرێت، وەک دەگوترێت لەنێو درزی پەنجەکانیەوە سەیری دەکات. لەوبارە لێنەپێچینەوەدا ڕێسای سەرپێچیلێکراو بەکردەوە سڕدەکرێت، گەر هاتو دامودەزگای کارگێڕ چاوی لەسەرپێچیکردنەکە پۆشی ئەوا جۆرێک لە ماف بۆ هاوڵاتی دروست دەبێت کە لەسەر سەرپێچیکردنەکەی بڕوات بەمەرجێک سەرپێچیکردنەکە زیان بە کەسیکی دیکە نەگەیەنێت، یان کەس دەنگی سکاڵانەمەی لەئاست بەرز نەکاتەوە.

کایەی ئەو سەرپێچیانە کەمن و هۆی پۆزشتکارانەی خۆشیان هەن، ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن:

1- رەنگبێ ڕێسایەکە خۆی نادیار و ئامانج پێکەر نەبێ، بەجۆرێک کە نەتوانرێ بە باشی جێبەجێبکرێ.

2- رەنگبێ ئەو کاتبەندیەی کە دەزگایەکی کارگێڕیی وەک ماوەیەکی جێبەجێکردن کورت بکێشێ و کاروبارەکان لەهەمان ماوەدا نەسازێنرێن. بۆنمونە شارەوانیەک ڕێسایەک

دەردەکا بەوەی بۆ خەڵکی فڵانە شوێن هەیە لەماوەیەکی دیارکراودا دەست بکەن بە دروستکردنی خانوبەرە، بەڵام ماوەکە کورت دەبێت و تەوی بەرژەوەندیداران ناتوانن کارەکانیان بکەن، گەر شارەوانیش لەسەر پلانەکەی سور بێت ئەوا زیان بەوانی دیکە دەکەوێ.

3- رەنگبێ جاری واهەبێ دامودەزگای میریی ئەو برە پێویستەی کارمەند و تەکنیک و پولەی نەبێ بەسەر چاودێریکردنی بڕیارەکانیدا ڕابگا.

4- رەنگبێ دامودەزگای کارگێڕیی ڕێسایەکی لەمەڕ پاراستنی ژینگە یان شتێکی لەو بابەتەی دەرکردبێت، بەڵام لەبەر هۆی ئابوری یان ناچاری جارێ نەتوانێ ڕێسایەکەی خۆی بچەسپێنێت بۆیە چاوپێشی لە سەرپێچیەکانی دەکا.

5- رەنگبێ لەیەک کاتدا دو ڕێسا هەبن بۆ یەک بابەت کەئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی پەیوەندیداران، ئیدی تا ساخ دەکرێتەوەو ڕێسایەکیان لادەبرێ چاوپۆشیکردن دێتە گۆرێ.

لەهەمو ئەوبارانەی سەرو ڕێسا وایە کەچاوپۆشین نەبێ بەڵام گەر هەر کراش ئەوا لەچوارچێوەیەکی تەسک بەڵام بێ لێکەوتنەوەی زیان.

تێبینی / ئەو بابەتە بەشێکە لەپڕۆژەی کتێبێک بەناوی دەوڵەتی قانون

ژێدەرەکان

1- mr.C.P.J. Goorden, Algemeen bestursrecht Compact, derde druk, Elsevier 2000.

2-Willem Witteveen, De denkbeeldige staat, voorstelling van democratische verniewing, Amsterdam,University press,2000.

3-Willem Witteveen, De geordende wereld van het recht, Een inleiding, Tweede druk, Amsterdam,University Press 2001.

4- Prof.mr.M.C.Burkens, Beginselen van de democratische rechtstaat, Inleiding tot de grondslagen van het Nederlandse staat- en bestuursrecht, Vijfde druk, W.E.J.Tjeenk Willink,2001.